(ولا نعرف في أهل البدع طائفة يكتمون مقالتهم ولا يتجاسرون على إظهارها إلا الزنادقة والأشعرية)
كتاب المناظرة في القرآن ص35
واتا: هیچ ئەهلی بیدەعێ ناناسین کەعەقیدەی خۆیان بشارنەوە و جورئەت نەکەن دەری بخەن ئیلا زندیقەکان و ئەشعەریەکان نەبێت .

⑥شيخ الإسلام أبو إسماعيل الهروي الأنصاري: ـدەفەرمووێت
(رأيت يحي بن عمار ما لا أحصي من مرة على منبره يكفرهم -أي الأشعرية- ويلعنهم)

واتا: زیاد لەچەندین جار کە ناژمێردرێت یحیا بن عمارم بینیووە لەسەر میمبەر تەکفیری ئەشاعیرەی کردووە و نەفرەتی لێکردوون

⑦ ئیمام عمر بن إبراهیم ابن إسماعیل أبو الفضل بن أبي سعید الهروي (425هـ)

(لا تحل ذبائح الأشعرية، لأنهم ليسوا بمسلمين، ولا بأهل كتاب، ولا يثبتون في الأرض كتاب الله)
واتا: سەربراوی ئەشعەریەکان حەڵاڵ نیە چونکە موسڵمان نین و ئەهلی کتاب یش نین لەبەر ئەوەی نایچەسپێنن کتابی الله تعالی لەسەر زەوی بێت.
(4/ 411).ذم الكلام (4/ 413)

⑧ئیمام الدشتيِ الحنبليِ –رحمه الله تعالی- لەکتابی"الحد" :ـدەفەرموویت

الحافظ أبو الحجاج هەواڵی پێداین له الحافظ أبو الفرج ثابت بن محمد بن أبي الفرج الشافعي المديني لەکتێبەکەیدا وتوویەتی أبو عبد الله الحسين بن عبد الملك بن الحسين وتوویەتی

الأشعرية ضلال زنادقة إخوان ... من عَبَدَ العُزَّى مع اللَّاتِ
واتا:ئەشعەریەکان گومڕان زندیقن برای ئەوانەن کەلات و عوزا دەپەرستن

بِرَبِّهِمْ كفروا جَهْراً وقولهُمُ ... إذا تدبرته أسوا المقالات
واتا: کافرن بەپەروەردگار بەئاشکرا وتەکەشیانَ گەر لێی بکۆڵیتەوە لەخراپترینی وتەکانە

⑨ئیمام ابن حزم ئەو وتەیەی ئەشاعرە ئەهێنێتەوە کەئەڵێن
(أن علم الله هو غير الله وخلاف الله وأنه مع ذلك غير مخلوق لم يزل)

ابن حزم دەفەرموویت :
وما قال بهذا أحد قط من أهل الإسلام قبل هذه الفرقة المحدثة بعد الثلاثماية عام -أي الأشاعرة-، فهو خروج عن الإسلام وترك للإجماع)
وەدەفەرمووت : وما كنا نصدق أن من ينتمي إلى الإسلام يأتي بهذا، لولا أنا شاهدناهم وناظرناهم ورأينا ذلك صراحا في كتبهم، ككتاب السمناني قاضي الموصل في عصرنا هذا وهو من أكابرهم، وفي كتاب المجالس للأشعري، الفصل الملل والأهواء والنحل (2/ 135).

واتا: هیچ کەسێ لەئەهلی ئیسلام پێش ئەم گروپە داهێنراوە کە لەپاش سەدەی سێهەم درووست بوو ئەوقسانەی نەکردووە ئەوقسانە دەرچوونە لەئیسلام و وازهێنانە لەئـیجماعی ئومەت.
وەئێمە بڕوامان نەدەکرد کەکەسێ هەبێت خۆی بەموسڵمان بزانێت و ئەوقسانە بکات تائەوکاتەی خۆمان لێیانمان بینی و مناقشەیانمان کردووە لەسەر ئەو بابەتە وە لەکتێبەکانیاندا بەئاشکرا بوونی هەیە وەک کتێبی سمنانی قاضی موصڵ لەسەردەمی ئێمەدا کەئەو گەورەکەیانە وە لەکتابی المجالس للاشعری .

⑩ئیمام ابــن حجر له الفتح (13/504): ـدەفەرموویێت
«وقد احتج أحمد بن حنبل بهذه الآية ـ يعني قوله تعالى: {يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ} ـ على أن القرآن غير مخلوق لأنه لم يرد في شيء من القرآن ولا من الأحاديث أنه مخلوق ولا ما يدل على أنه مخلوق ثم ذكر عن الحسن البصري أنه قال لو كان ما يقول الجعد حقا لبلغه النبي صلى الله عليه وسلم»

واتا: ئیمامــی احمد ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە ((يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ)) بەم ئایەتە فەرموویەتی قــورئان مەخلوق نیە چونکە هیچ بەڵگەیەک لەقورئان و سونەت نەهاتووە بڵێت قورئان مەخلوقە پاشان باسکراوە لەحسن ـی بەصرییــەوە فەرموویەتی ئەگەر ئەوەی جەعد ئەیڵێت حەق بوایە پێغەمبەر صلى الله تعالى علیە وسلم ڕایدەگەیــاند

ئینجــا ابن حجر رحمه الله دەفەرموویێت
أقول: والجعد بن درهم هو مؤسس مذهب الجهمية، ونسب الجهمية إلى الجهم بن صفوان لأنه هو الذي أظهر هذا المذهب الباطل ونشره، وأقول كما قال الحسن البصري رحمه الله: لو كان ما يقوله الأشاعرة وغيرهم من المتكلمين حقا لبلغه الرسول صلى الله عليه وسلم

واتا: منـــــیش دەڵێم جەعد بن درهم دامەزرێنەری مەزهەبی جەهمیەت بوو وە نسبەتی جەهمیەت دەگەڕێتەوە بۆجەهمی کوڕی صــفوان چونکە ئەو ئەم مەزهەبە باطــڵەی دەرخست وبڵاوی کردەوە
وەئـــــــەڵێم هەروەک چۆن حســن ـی بصری رحمه الله فەرمووی منیش ئەڵێم ئەگـــەر ئەوەی ئــەشاعیرە و ئەهلی کــەلام ئەیڵێـــــن حەق بوایە پێغەمــبەر صلى الله علیە وسلم پێمانی ڕادەگەیــاند .

کەواتــا ئیمام ابن حجر عەقیدەی ئەشاعیرە بەحەق نازانێت لەگەڵ عەقیدەی جەهمیەکان باسیکردوون

تێـــــبینی : ابو حــسن ـی ئەشعەری بەرێ بوە لەعەقیدەی ئەشاعیرە ئەشاعیرە بە درۆ و بوهتان خۆیان داوەتە پاڵ ئیمام ابو حسن رحمه الله(هەر وەک لە نووسراوەکانی ئاماژەمان بە تەوبەکەی کرد الحمدلله)
ئیمام ابو حسن ـی ئەشعەری رحمه الله بەسێ قۆناغدا تێپەڕیووە

ئیمام ـی ابن كثير لە "طبقات الشافعيين" لەژیاننامەی أبي الحسن الأشعري: ـدەفەرمووێت

(قلتُ: ذكروا للشيخ أبي الحسن الأشعري، رحمه الله، ثلاثة أحوال، أولها: حال الاعتزال، التي رجع عنها لا محالة، والحال الثاني: إثبات الصفات العقلية السبعة، وهي: الحياة، والعلم، والقدرة، والإرادة، والسمع، والبصر، والكلام، وتأويل الخبرية كالوجه، واليدين، والقدم، والساق، ونحو ذلك، والحال الثالثة: إثبات ذلك كله من غير تكييف، ولا تشبيه، جريا على منوال السلف

واتا؛ ئەڵێم باسكراوە كەشێخ ئەبو حسن ـی ئەشعەری رحمه الله بەسێ حاڵەتدا تێپەڕیووە یەكەمـیان موعتەزیلە بوو كەوازی هێنا
حاڵەتی دووەمیان جێگیركردنی حەوت سیفاتی الله بوو كەبریتی بوون لەسیفاتی ژیان و علم و قودرەت و ویستی الله و بیستن و بینین و قسە وە تەئویلی سیفەتەكانی تری دەكرد وەک سیفەتی ڕووی پەروەردگار و دەست و قاچ و هاوشێوەی ئەو سیفەتانە

قۆناغی سێهەم بریتی بوو لە اثـبات كردنی هەموو ئەو سیفەتانە بەبێ چۆنیەتی و بەبێ هاوشێوە دانان و اثباتكردنی لەسەر ڕێگای سەلەف.

جا ئەشـاعیرەكان نكۆڵی لەقۆناغی سێهەمی ابو حسن ـی ئەشعەری دەكەن و لەسەر قۆناغی دووەمی ابو حسن عەقیدەیان داناوە لەكاتێكدا بەشاهێدی گەورەزانایانی ئیسلام و كتێبە كۆتایەكانی ابو حسن ـی ئەشعەری ئیمام ابو حسن لەسەر عەقیدەی سەلەف و ئەهلی سونەت و جەماعەت وەفاتی كردووە

ئیمام ـی الالوسی لە غرائب الإغتراب ـدەفەرموێت
الامام ابو الحسن الأشعري لأن آخر أمره الرجوع إلى ذلك المذهب الجليل بل الرجوع إلى ما عليه السلف في جميع المعتقدات

واتا: ئیمام ابو حسن ـی ئەشعەری لەكۆتای تەمەنیدا گەڕایەوە بۆ مەزهەبی پاكی سەلەف بەڵكو گەڕایەوە بۆ مەزهەبی سەلەف لە هەموو بابەتە عەقیدەییەكان.

بەهەمان شێوە شيخ الإسلام ابن تيميه ش باسی گەڕانەوەی ابو حسن ـی ئەشعەری كردووە
لە نقض التأسيس ـدەفەرمووێت ((إنّ الأشعري وإن كان من تلامذة المعتزلة ثم تاب فإنه تلميذ الجبائي ومال إلى طريقة ابن كلاب وأخذ عن زكريا الساجي أصول الحديث بالبصرة ثمّ لما قدم بغداد أخذ عن حنبلية بغداد أمورا أخلاي وذلك آخر أمره كما ذكره هو وأصحابه في كتبهم))

لەکـــــۆتایـــــدا
ڕاســـــتە هەنێ لەو فەتوایەی زانایان دامناون تەکفیری کۆمەڵی ئەشـاعیرەی تێدایە بەڵام ئەوە تەکـــــفیری موطڵەق ـە بۆ ئەو کۆمەڵە تەکـــــفیری أعیان(موعەیەن واتا دیاری کراو) نیە چونکـــە تەکفیری أعیـان پێویســـتی بە شروط ـی تەکفیر و لادانی موانع ـەکانی تەکفیرە

①ئیمام ابن قتیبة – رحمە الله تعالی: ـدەفەرموویت (قد یغلط في بعض الصفات قوم من المسلمين، فلا يكفرون بذلك) ((شرح مسلم)) للنووي (٥/ ٥٩٨ - ٥٩٩).

واتا: کەسانێ لە موسڵمانان هەڵە دەکەن لەهەنێ سیفاتی الله تعالی بەوە کـــافر نـــابن .

②ئیمام شافعی رحمە الله ـدەفەرموویت
(لله أسماء وصفات لا يسع أحداً ردها، ومن خالف بعد ثبوت الحجة عليه، فقط كفر. وأما قبل قيام الحجة، فإنه يعذر بالجهل)((فتح الباري)) (١٣/ ٤٠٧).

واتا: الله تعالی ناو وسیفاتی هەیە جائیز نیە هیچ کەسێ ڕەدی بکاتەوە هەرکەسێ پێچەوانەی بکا لەپاش ئیقامە حوجە ئەوا کافرە بەڵام پێش ئیقامە حوجە عوزری بۆ هەیە بەنەزانین.

③الامام ابن ابي عاصم (ت 287 هـ) لەبارەی جەهمیە موعطلەکانەوە دەفەرمووێ

(والقرآن كلام الله تبارك وتعالى تكلم الله به ليس بمخلوق، ومن قال: مخلوق، ممن قامت عليه الحجة فكافر بالله العظيم، ومن قال من قبل أن تقوم عليه الحجة فلا شيء عليه)

واتا: قوڕئان وتەی الله تعالی یە و الله تعالی قسەی پێکردووە و مخلوق نیە هەرکەس بڵێت قورئان مەخلوقە لەوانەی کە ئیـــــقامە حجە کراون ئەوا کافرە بە الله ـی گەورە هەرکەسێ پـــێش ئیقامە حجــە بڵێت قورئان مەخلوقە ئەوا هــیچی لەسەرنیە.
كتاب السنة لە 2/645 ط المكتب الاسلامي

دەی چۆن تەکفیری شێخ ئەبو علی ئەنباری رحمە الله تعالی دەکەن لەسەرئەوەی الالبانی تەکفیر ناکات فەرموون تکفیری ئەو زانایانەی سەلەف بـــکەن.

④ ئـــیمامی بوخـــــاری (ت 256 هـ) لەبارەی ئەعیانی جەهمیەکانەوە دەفەرموویٚت
(وكل من لم يعرف الله بكلامه أنه غير مخلوق فإنه يعلم، ويرد جهله إلى الكتاب والسنة، فمن أبى بعد العلم به، كان معاندا، قال الله تعالى: {وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} [التوبة: 115] ،

واتا: هەرکەسێ الله تعالی نەناسێت بەوتەکەی کەباوەڕی وابێت قورئان مەخلوق نیە ئـەوا ئەو کـەسە فێردەکرێت و جەهلـــەکەی لادەبرێ بەقورئان و سونەت گەر پاش زانست ملکەچ نەبوو ئەوا کەسێکـی عینادە الله تعالی فەرموویەتی
{وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ } [التوبَة : ١١٥]

واتا: خۆ پاش ئەوەی الله تعالی خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ بپارێزن .

⑤الشيخ عبد الله ابابطين:دەفەرموویٚت
(من شك في صفة من صفات الرب ومثله لا يجهلها، كفر، وإن كان يجهلها، لم يكفر) (ص: ١٨).
واتا: هەر کەسێک گومانێکی هەبێت لە سیفەتێک لە سیفاتەکانی الله تعالی یان هاوشێوەی سیفاتەکان، ئەوا ئەو کەسە ئەگەر جاهیل نەبوو ئەوا تەکفیر دەکرێت، وە ئەگەر جاهیل بوو تەکفیر ناکرێت
((عقيدة الموحدين والرد على الضلال والمبتدعين))

بسم الله الرحمن الرحيم

ئایا درووستە سیفەتی فێڵ بدرێتە پاڵ الله تعالى ؟

ئایا درووســـتە سیفەتی فێڵ بدرێتە پاڵ الله تعالی ؟

بێگومان سیفات دوو جۆرە

①سیفەتی کـمال (کامڵ ـی وئەوپەڕی هێز و جوانی و دوور لەکەم کوڕی) کە الله تعالی هەموو سیفەتەکانی کامڵ ـە وە بۆخۆی اثباتی کردووە

② سیفەتی نەقص وکەم کوڕی کە الله تعالی نەفی کردووە لەسەر خۆی وەک سیفەتی خیانەتکردن و ستەمکردن ..هتد

جا سیفەتی فێڵکردن لە دوژمن بەو مانایەی گورز لە دوژمن بدەی بێ ئەوەی هەستی پێ بکات ئەمە هێز و گەورەی و کامڵ بوونە وە ئەم جۆرەیان بۆ الله تعالی اثبات دەکرێت وەک لەقورئاندا بەرامبەر فێڵ ـی کافران الله تعالی اثبات ـی ئەوەی کردووە بەجۆرێ فێڵ لەپیلانی کافران دەکات کەهەستی پێ ناکەن
کەواتـــا بەموتلەق ناوتری الله تعالی فێڵبازە بەڵکـو بەسنوردارکردنەوە سیفەتی فێڵ بەکاردێت بۆ الله تعالی
واتـــا ئەڵێین الله تعالی سیفەتی فێڵی هەیە بەرامبەر بەفێڵی کافران

بەڵگەکان

①الله تعالى ـدەفەرموویت: {{إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا * وَأَكِيدُ كَيْدًا}} [الطارق: 16]
واتا: کافران فرت و فێڵ دەکەن بەرامبەرت وە منیش بە فێڵ تۆڵەیان لێدەسێنم

②قال تعالى: { وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ } [الأعراف: 183] .
{ وَأُمْلِي لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ } [القَلَم : ٤٥]

واتا: وە لە دونیادا مۆڵەتیان دەدەم و تەمەنیان درێژ دەکەم و پەلەیان لێناکەم بە سزا، بەڕاستی تەڵە و فێڵی من بەرامبەر کافران بەهێزە..

③وقال تعالى
(وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ ۖ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ) الأنفَال : ٣٠

ئیمامی ابن کثير رحمه الله تعالى لەتەفسیری ئەم ئایەتە موبارەکەدا ئەم هۆکارەی گێڕاوەتەوە دەڵێت: ئەنجوومەنی قورەیش لە (دار الندوة) کۆبوونەوە، بۆ ئەوە دەربارەی پەیامبەر-صلى الله عليه وسلم- نەخشە و پلانێکی ورد دابڕێژن، جا پاش وتوو وێژێکی زۆر و شەڕە قسەیەکی نێوانیان، بڕیاریاندا بیکوژن..! (جبریل)یش بە فەرمانی الله خێرا هەواڵەکەی دابەزاند، ئیتر پەیامبەر-صلى الله عليه وسلم-، خۆی بۆ کۆچکردن ئامادەکرد، و فێڵ و تەڵەکەی قورەیش بۆ کوشتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پوچەڵ بویەوە بۆیە الله تعالى فەرمووی ئەوکاتە وەبیر بێنە کەبێ باوەڕەکان دەیانویست فێڵت لێ بکەن کە: یا بتگرن و بەندت بکەن یان بتکوژن یان- هەر هیچ نەبێ – لە مەککە دەرت پەڕێنن فرت و فێڵی خۆیان دەکەن، وە الله تعالى فێڵی لێیان کرد بە پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانیان دڵنیاشبن الله تعالى لە هەموو فێڵبازێک باشترین فێڵکارە

ئێستا پێویستە بزانین فـــــێڵ واتای چیە ؟
لە مفردات ـی الراغب الأصفهاني هاتووە دەفەرموویت
أن المكر هو صرف الغير عما يقصده بحيلة ، وذلك ضربان :
مكر محمود ، وذلك أن يتحرى بذلك فعل جميل ، وعلى ذلك قال سبحانه وتعالى
{ والله خير الماكرين } فلا يكون مكره إلا خيرا
ومكر مذموم ، وهو أن يتحرى به فعل قبيح ، قال تعالى {ولا يحيق المكر السيئ إلا بأهله}
[فاطر: 43]

واتا: فێڵ بریتیە لەلادانی بەرامبەرەکەت لەو نیازە خراپەی کە بەرامبەر بەتۆ هەیەتی بەجۆرێک نیازەکەی پوچەڵ دەکەیتەوە کە خۆی هەستی پێ ناکات
جا فێڵ دووجۆرە
فێـــڵی سوپاسکراو بریتیە لەوەی بەپیلانێکی جوان پیلانی دوژمن هەڵبوەشێنیتەوە ئەمەش لەسیفەتی الله تعالی یە وەک فەرموویەتی { والله خیر الماکرین } بۆیە فێڵ بەنسبەت الله تعالی ـەوە هەمووی خێر و چاکەیە

بەڵام فێڵی سەرزەنشتکراو بریتیە لەوەی بەکردارێکی ناشرین بەرامبەرەکەت پوچەڵ بکەیتەوە وەک الله تعالی فەرموویەتی
{ولا یحیق المکر السیئ إلا بأهله} فاطر: 43

شێخ ـی ئیسلام ابنُ تَیمیَّةَ رحمه الله تعالی ـدەفەرموێت
(وكذلك ما ادَّعوا أنَّه مجازٌ في القُرآنِ؛ كلَفظِ: المَكْرِ والاستِهْزاءِ والسُّخريَّةِ المضافِ إلى اللهِ، وزعَموا أنَّه مُسمًّى باسمِ ما يُقابِلُه على طريقِ المجازِ، وليس كذلِك، بل مُسمَّياتُ هذِه الأسماءِ إذا فُعِلَتْ بمَن لا يَستحقُّ العقوبةَ كانتْ ظُلمًا له، وأمَّا إذا فُعِلَت بمَن فَعَلها بالمَجْنيِّ عليه عقوبةً له بمِثلِ فِعلِه، كانتْ عَدلًا)

واتا: بەهەمان شێوە ئەوانەی ئەڵێـن وشەکانی فێڵ و گاڵتەکردن و سوکایەتی پێکردن کەدراوەتە پاڵ الله تعالی لەقورئاندا مەجـازە(واتە مانای حەقیقی وشەکە نیـە) وە ئەڵـێن الله لەبەرامبەر ئەو فێڵ و گاڵتە جارێیەی کافران دەیکەن بەموسڵمانان ئەو وشانەی داوەتە پاڵ خۆی و بەکاری هێناوە لەدژی کافران بەڵام وشەکان لەسەر مەجاز الله تعالی داویەتەیە پاڵ خۆی نەک لەسەر حەقیقەت
بـــەڵام لەڕەدی ئەم قـــسەیە دەڵێـــــین بەوشێوە نیە کەئێوە باسی دەکەن ئەم وشـانە (فێڵ و گاڵتەپێکردن) ئەگەرئەم وشانە لەسەر مانا حەقیقیەکەی بەکار بهێنێت بـەرامبەر کەسـانێک کەشـــایستەی نەبـن ئەوا ستەمە بەڵام گـەر بەرامبــەر کەسانی شایستە بەکار بهێنرێت ئەوا داد پەروەرییە.

بۆیە دەبینین الله تعالی کاتێ سیفەتی فێلی داوەتە پاڵ خۆی لەبەرامبەر فێلی کافران کەشایستەن گورزیان لێ بدەی خۆشیان هەستی پی نەکەن چونکە گـەر ئەو فێڵە لەکافران نەکات ئەوا کافران گورزی خۆیان لەدینی الله تعالی و موسڵمانان دەدەن

وە شێخ ألإسلام إمامي إبن تيمية رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێت
(وهكذا وصَفَ نفْسَه بالمَكْرِ والكيدِ، كما وصَفَ عبدَه بذلك، فقال: وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ، وقال: إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا * وَأَكِيدُ كَيْدًا، وليس المَكْرُ كالمكرِ، ولا الكيدُ كالكيدِ) .
واتا: الله تعالى وەسفی خۆی کردووە بە سیفەتی فرت و فێڵ هەروەک چۆن وەسفی بەندەکانیشی کردووە کەسیفەتی فرت و فێلیان هەیە بەڵام فێڵی الله تعالى جیاوازە لەفێلی بەندەکان (چونکـە سیفەتەکانی الله تعالى هاوشێوەی نیە تا بشوبهێنرێت بەسیفەتی مرۆڤ)
((العقيدة التَّدمُريَّة)) (ص: 26). ويُنظر: ((مدارج السالكين)) لابن القيم (3/415)، ((مختصر الصواعق المرسلة)) لابن الموصلي (2/32-34).

شێخ محمد امين الشِّنقيطيُّ: (اتَّفَقَ السَّلَفُ أنَّه لا يُنسَبُ إلى اللهِ تعالى على سَبيلِ الإطلاقِ..وإنَّما يُطلَقُ في مقابِلِ فِعلِ العِبادِ؛ لأنَّه في غيرِ المقابَلةِ لا يليقُ باللهِ تعالى، وفي مَعرِضِ المُقابَلةِ فهو في غايةِ العِلمِ والحِكمةِ والقُدرةِ، والكَيدُ أصلُه المعاجَلةُ للشَّيءِ بقُوَّةٍ)
((أضواء البيان)) (8/ 496).

واتا: سەلەف کۆدەنگـن کەدروست نیە بەرەهای بوتریٚ الله تعالى فێڵبــــازە...
بەڵکــو ئەو سیفەتە کاتێ بەکار ئەهێنرێت بۆ الله تعالى وە اثــبات ئەکرێت کە لەبەرامــبەر کرداری خراپی بەندەکان بەکار بهێنرێت
چونکــە گەر لەبەرامبەر کرداری خراپی بەندە ئەو سیفەتە بەکار نەهێنێت ئەوە شایستەی الله تعالى نیە بەڵام لەبــەرامبەر فرت و فێڵی بەندەکان سیفەتی فێڵ کردنی الله تعالى بۆ فێڵی کافران بەکار بهێنیت ئەوا ئەوپەڕی زانست و دانایی و هێزە وە وشەی فێڵ یش ئەصڵەکەی بریتیە لەوەی کەشــتێ بکەی بەرامبەر دوژمنەکەت بەهێز و قوەتەوە .

بەکوێرایی چاوی ئەشعەریەکان و جەهمیەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

جێگیرکردنی دەنگی الله تعالی کە لەدەنگی ئاسن دەچێت

①فەرمــوودەی یەکەم
عن أبي هريرة رضي الله تعالى عنه وارضاه قال : قال النبي صلى الله عليه وسلم : (إذا قضى الله الأمر في السماء ضربت الملائكة بأجنحتها خضعانا لقوله , كأنه سلسلة على صفوان , فإذا فزّع عن قلوبهم قالوا ماذا قال ربكم قالوا للذي قال الحق وهو العلي الكبير)

واتا: کاتێ الله تعالى لەئاسماندا بڕیارێك دەدات فریشتەکان باڵەکانیان بەیەکدا دەدەن وەک ملکەچیەک بۆ وتەی الله تعالى کە وەک دەنگی زنجیرە بدات لەسەر تاشە بەردێکی ساف و لوس جا کاتێ ئەو ترسە لەدڵی فریشتەکان لادەچێت لەنێوان خۆیان ـدا ئەڵێـن پەروەردگارتان چی فەرمــوو دەڵێن حەق ـی فەرمووە هەر الله تعالى بەرز و بڵـند و پایەبەرز و گەورەیە .

رواه البخاري وغيره .

②ڕیــوایەتی دووەم -
عن ابن مسعود رضي الله تعالى عنه وارضاه : (إذا تكلم الله عز وجل بالوحي سمع صوته أهل السماء فيخرون سجدا حتى إذا فزّع عن قلوبهم قال سكن عن قلوبهم نادى أهل السماء : ماذا قال ربكم قالوا الحق قال كذا وكذا)

واتا: کـاتێ الله عزوجل قـسە بکات بە وەحــی ئەهلی ئاسمانەکان دەنگی الله دەبیستن و دەچنە سوجدە بۆ الله تعالى تائەوکاتەی ئەو ترسە لەدڵیـان لائەچێت و بانگخوازێ لەئاسمان بانگ دەکات و دەڵێت ئەوە پەروەردگارتان چی فەرموو دەڵێن ئاوا و ئاوای فەرموو .

صحيح أخرجه عبدالله بن أحمد بن حنبل في السنة وغيره .

③ڕیوایـەتی سێهەم هەرلە ابن مسعودەوە
ـدەفەرمووێت
(إذا تكلم الله سمع له صوت كجر السلسلة على صفوان)
واتا: کاتــێ الله تعالى قسە دەکات دەنگێکی لێوە دەبیســترێت وەک ڕاکێشانی زنجیری ئاسنــە لەسەر بەردی صــفوان .

أخرجها عبد الله بن أحمد في السنة و الخلاّل .

لەڕیـوایەتێکی تردا هاتووە
(إذا تكلم الله بالوحي سمع أهل السماء له صلصلة كصلصلة الحديد على الصفا)

واتا: کاتـێ الله تعالى بەوەحی قـسە دەکات ئەهلی ئاسـمانەکان گوێیان لێ دەبێت کە دەنگی وەک لێدانی دەنگی ئاسـنە لەسەر بەردی لوس

أخرجها عبدالله بن إمام أحمد في السنة.

لەڕیـوایەتێکـی تردا هاتووە

(إذا تكلم الله بالوحي سمع أهل السموات شيئا فإذا فزّع عن قلوبهم وسكن الصوت عرفوا أنه الحق ونادوا ماذا قال ربكم)

واتا: کاتێ الله تعالى بەوەحی قسە دەکات ئەهلی ئاسمانەکان گوێیان لەدەنگێ دەبێت کاتێ ئەو ترسە لەدڵـیان لادەچێت و ئەو دەنگە نامێنێت دەزانن کە ئەوە حەقە دەڵێن پەروەردگارتان چی فەرموو.

أخرجها البخاري خلق أفعال العباد .

④ڕیـوایەتی چوارەم
عن ابن عباس رضي الله تعالى عنه وارضاه قال : (إن الله لما أراد أن يوحي إلى محمد دعا جبريل فلما تكلم ربنا بالوحي كان صوته كصوت الحديد على الصفا فلما سمع أهل السماوات صوت الحديد خروا سجدا) .

کاتێ الله تعالى بیەوێ وەحـی بنێرێت بۆ محمد صلى الله تعالى عليه وسلم بانگی جـبریل دەکات کاتێ پەروەردگارمان قسە دەکات دەنگـــــــی وەك دەنگـــی ئاسـن وایە لەسەر بەردی لـــوس جا کاتێ ئەهلی ئاسمانەکان گوێیـــــان لەدەنگی ئاسن دەبێت دەچنە سوجدە.

أخرجه ابن جرير في تفسيره .

④الإمام أحمد لەڕیوایەتەکەی ابن مسعود "کەدەفەرمووێ
إذا تكلم الله سمع له صوت كجر السلسلة على صفوان" :
واتا: کاتێ الله تعالى قسە دەکات دەنگێکی لێوە دەبـیسترێت وەک ڕاکێشانی زنجیری ئاسن ـە لەسەر بەردێکی لوس

ئیمامی احمد دەفەرمووێت
(وهذا الجهمية تنكره . وقال : هؤلاء كفار يريدون أن يموهوا على الناس , من زعم أن الله لم يتكلم فهو كافر إلا أنا نروي هذه الأحاديث كما وردت) .

واتا: ئەم ڕیوایەتە جەهمیەکان نکۆڵی لێ دەکەن ئەوانە کافرن دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە خەڵک چەواشە بکەن هەرکەس پێی وابێت الله تعالى قسەی نەکردووە ئەوا کافرە ئیلا ئەوە نەبێت ئێمە ئەم فەرموودانە دەگێڕینەوە وەک چۆن هاتووە . السنة عبدالله بن الامام ـ

⑤الإمام ابن تيمية لەشەرح ـی ئەم فەرموودەیە کەدەڵێت (كجر السلسل)
واتا: دەنگی وەک ڕاکێشانی زنجیری ئاسنە

ـدەفەرمووێت
(فالكلام المسموع منه, هو كلام الله لا كلام غيره). درء التعارض 2/40 .

واتا: ئەو قسەیەی دەبیسترێت لێیەوە قسەی الله تعالى یـە نەک قسەی کەسی تربێت .

⑥ الشيخ عبد الرحمن بن قاسم لە حاشيته لكتاب التوحيد ص:126:ـدەفەرمووێت

(كأن صوت الرب المسموع سلسلة على صفوان وهو الأملس .) .

واتا: دەنگـی الله تعالى کەدەبیسترێت وەک زنجیری ئاسن وایـە لەسەر بەردی سەفوان واتا لوس.

الشيخ سليمان ال الشيخ لە التيسير والشيخ عبدالرحمن بن حسن لە فتح المجيد هەمان شتیان فەرمووە

⑦عبدالله الغنيمان، الله تعالى هیدایەتی بـدات بۆ ڕێگای ڕاست لە شرح كتاب التوحيد باب ی
(إذا قضى الله تعالى الأمر في السماء ضربت الملائكة بأجنحتها خضعانا لقوله كأنه سلسلة على صفوان ينفذهم ذلك فإذا فزع عن قلوبهم قالوا: ما ذا قال ربكم ؟ قالوا: الذي قال الحق وهو العلي الكبير) ـدەڵێت

كثيرا من الناس ما يجرؤ يقول ان هذا تشبيه لكلام الله بجر السلسلة مع انه واضح وتكلم به الرسول وهو اعلم الناس بالله

واتا: زۆرێـك لەخەڵكی ناوێـرێت بڵێت ئەم فەرمووده‌یه تەشـــبیهكردنی دەنگی الله تعالى یـە بەڕاكێشانی
زنجیری ئاسن لەسەر بەرد لەكاتێكـدا ئەمە زۆر ڕوونـە پێغەمـــبەر صلی الله علیه وسلم وای فەرمووە كە زاناترین كەســە بە الله تعالى

وهنا شبَّه الصوت الذي تسمعه الملائكة كصوت السلسلة التي تُجر على الصفا، ومعنى ذلك: أنهم سمعوا صوتاً لم يميزوا شيئاً من المعاني فيه، وقد علموا أنه صوت كلام الله إذا أمر، ولهذا السبب صُعقوا وصاروا يسألون بعدما زال الصعق عنهم: ماذا قال الله؟ علموا أنه قول الله.

واتا: وە ئالەم فەرمووده‌یە ـدا ئەو دەنگەی كە فریشتەكان دەبیستن تەشـــبیهی كرد بە دەنگی زنجیری ئاسن لەسەر بەردی لـوس وە مانای ئەمەش ئەوەیە كە فریشتەكان دەنگێ دەبـیستن لەزۆری ترسیان لەو دەنگە هیچ ماناكانی لەیەک جیاناكەنەوە وە دەشـزانن ئەوە دەنگی قسەی الله تعالى یـە كاتێ بڕیار ئەدات هەربەم هۆیەشەوە فریشـــتەكان بێ هۆش دەبـن وە لەپاش بێ هۆش بونەكەیان دەڵـێن پەروەردگار چی فەرموو دەزانن كەئەوە وتەی الله تعالى یە .

كەواتـا ئەهلی سونەت هیچ كاتێ فەرموودەكانی اسماء و صفات تەئویل ناكەن چۆن هاتووە ئاوا دەیگێڕینەوە بەبێ ئەوەی بە عەقڵی خۆمان تەشـــبیهـ و تەئویل و تعطیل و تفویض ـی بكەین

بسم الله الرحمن الرحيم

وەڵامی گومانێکی تری ئەشاعیرەی گومڕا
لەسەر ئەوەی کە دەڵێن مەنهەجی زۆرینەی
سەلەف تفویض بووە ، معاذ الله تعالى

وەڵامی گومانی ئەشاعیرە کەدەڵێن مەنهەج ـی زۆرینەی سەلەف بریتی بووە لەتفویض کردنی ئایەت و فەرموودەکان ـی سیفات
واتا ئەو دەقانەی باسی سیفاتی الله تعالی دەکەن
گوایە سەلەف وتویانە بڕوا بەدەقەکە دەکەین
بەڵام تەفسیری ناکەین واتا مانای دەقەکە دەگەڕێنینەوە بۆ علم ـی الله تعالی
بۆنمونە الله کەفەرموویەتی (ید الله) ئێمەش دەڵێین ید الله بەڵام ناڵێین ید الله واتا الله تعالی دەستی هەیە بەڵکو دەڵێین الله تعالی خۆی دەزانێت مانای ئەو ئایەتە چیە ئێمە نایزانین و ئێمە تەفسیری ناکەین

سەرچاوەی ئەم شوبهەیەشیان لەچەند وتەیەکی پچڕاوی زانایان ـی سەلەفەوە هێناوە
شـوبهەی یەکـەمیان
دەڵـێن
الإمام الترمذي – رحمه الله تعالى – (سنن الترمذي 4 / 492) فەرموویەتـی

(والمذهب في هذا عند أهل العلم من الأئمة مثل سفيان الثوري ومالك بن أنس وابن المبارك وابن عيينة ووكيع وغيرهم أنهم رووا هذه الأشياء ثم قالوا تروى هذه الأحاديث ونؤمن بها ولا يقال كيف، وهذا الذي اختاره أهل الحديث أن تروى هذه الأشياء كما جاءت ويؤمن بها ولا تفسر ..وهذا أمر أهل العلم الذي اختاروه وذهبوا إليه)

واتا: مەزهەب ـی زانایان لەم بارەیەوە وەکـو ئیمام سوفیان ـی ثەوری و ابن عیینە و وەکیع و جگە لەوانیش بریتیە لەوەی دەقەکان ـی سیفات دەگێڕنەوە فەرموویانە ئەم فەرموودانە بڕوامان پێ هەیە بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین و ناڵێین ئەمە چۆنە وەئەم بۆچوونەش ئەهلی حەدیث هەڵیان بژاردووە کەئەم فـەرموودانە دەگێڕدرێنەوە وەکـ چۆن هاتووە و بڕوایان پێدەکرێت و تەفسیر ناکـرێت وەئەمەش بۆچوونی زانایانە و ئەم بۆچوونەیان هەڵبژاردووە و پەسەندیان کردووە

دەڵێـن کەواتا مەزهەب ـی سەلەف بریتیە لەتەفسیر نەکردنیان و گەڕانەوەی مانای دەقەکانە بۆ علم ـی الله تعالی وبوترێ الله تعالی خۆی دەزانێت مانای چیە
یانی وەکـ بڵێی ئەو ئایەتە وشەیەکی ئینگلیزی و چینی یە ئێمە ماناکەی نازانین الله تعالی خۆی دەیزانێت والعیاذ بالله

لەوەڵام ـی ئەو شوبهەیەدا دەڵێین
ئیمام ـی ترمذی هەرخۆی لەو لاپەڕەیەدا و لەدرێژەی قسەکان ـی مەبەستەکە ڕوون دەکاتەوە کە تەفسیری ئەو دەقانە ناکەین واتا بەتەفسیری جەهمیەکان تەفسیری ناکەین نەک ماناکەی ئیثبات نەکەین بۆ الله تعالى

ـدەفەرمووێت (وأما الجهمية فأنكرت هذه الروايات وقالوا هذا تشبيه وقد ذكر الله عز وجل في غير موضع من كتابه اليد والسمع والبصر فتأولت الجهمية هذه الآيات ففسروها على غير ما فسر أهل العلم وقالوا إن الله لم يخلق آدم بيده وقالوا إن معنى اليد ههنا القوة)

واتا: بەڵام جەهمیەکان نکۆڵـی لەم ڕیوایەتانە دەکەن و دەڵێن ئەم ڕیوایەتانە شوبهاندنی الله ـی تێدایە بەمخلوقات لەکاتێکدا الله عزوجل لەچەندین شوێنی قورئانەکەی باس ـی کردووە کە دەست و بیستن و بینین ـی هەیە بەڵام جەهمیەکان تەئویل ـی ئەم ئایەتانەیان کرد تەفسیریان کرد بەپێچەوانەی ئەو تەفسیرەی زانایان کردوویانە وتیان الله تعالى ئادەم ـی بەدەست ـی خۆی دروست نەکردووە وتیان مانای (اليد) واتا هێزی الله تعالى

سـەرنج بەن ئیمام ترمذی فەرمووی

①جەهمیەکان بەپێچەوانەی تەفسیری زانایان تەفسیری دەقەکان دەکەن کەتەفسیری جەهمیەکان بریتیە لەو تەئویلەی ئەشاعیرە ئێستا دەیکات

②وتی پێچەوانەی تەفسیری زانایان کەواتا زانایان تەفسیری ئەو ئایەتانەی سیفات دەکەن تەفسیرەکەی زانایانیش بریتیە لەوەرگرتنی مانای زاهیری ئایەتەکە و فەرموودەکە نەک تەفسیرکردنێک کە ماناکەی بگۆڕێ وەک تەفسیری جەهمیەکان کە بریتیە لە تەئویل
بابچینە سەردرێژەی وتەکان ـی ئیمام ـی ترمذی)

ـدەفەرمووێت
وقال إسحاق بن إبراهيم إنما يكون التشبيه إذا قال يد كيد أو مثل يد أو سمع كسمع أو مثل سمع فإذا قال سمع كسمع أو مثل سمع فهذا التشبيه وأما إذا قال كما قال الله تعالى يد وسمع وبصر ولا يقول كيف ولا يقول مثل سمع ولا كسمع فهذا لا يكون تشبيها وهو كما قال الله تعالى في كتابه ليس كمثله شيء وهو السميع البصير

واتا: اسحاق بن ابراهيم فەرموويەتی شوبهاندنی الله تعالى بە مخلوق كاتێ ڕوودەدات كە بوترێ بيستنی الله تعالى وەكـ ئەم بيستنەيە ئەمە شوبهاندنە بەڵام ئەگەر بڵێت وەک چۆن الله فەرموويەتی بيستن و بينين ـی هەيە بەبێ ئەوەی بڵێ بيستن وبينينی الله تعالى بەم شێوەيەيە ئەوا ئەمە پێی ناوترێ شوبهاندن وەک چۆن الله تعالى لەقورئان ـدا فەرموويەتی (الله تعالى هيچ هاوشێوەيەكی نيە وە ئەوزاتە بيسەر و بينەرە)

كەواتـا زانايان تەفسيری ئايەتەكان وەكو خۆی دەكەن
وەكـ ئيمام ـی اللالكائي (٣ / ٤٣١) گێڕاويەتيەوە لەئيمام ـی سفيان ـی كوڕی عيينە كەفەرموويەتـی ((كل ما وصف الله به نفسه فقراءته تفسيره، لا كيف ولا مثل)) .

واتا: هەموو ئەوەی الله تعالى وەسفی خۆی پێكردووە خوێندنەوەيان تەفسيركردنەكەيەتی ناوترێ چۆنيەتيەكەی ئاوايە و هاوشێوەكەی ئاوايە .

ئيمام ـی أبو القاسم الأصبهاني لەبارەی وتەكەی ابن عيينة كەفەرمووی تەفسيركردنی خوێندەوەيەتی ((أي هو هو على ظاهره لا يجوز صرفه إلى المجاز بنوع من التأويل))

واتا: واتە تەفسيری دەقەكان ـی سيفات لەسەر ڕووكەشی دەقەكە دەكرێت درووست نيە مانای دەقەكە بگۆردرێت بۆ مەجاز بەجۆرێكـ لەجۆرەكان ـی تەئويل .

ئيمام ـی الذهبي ـدەفەرمووێت
((وكما قال سفيان وغيره: قراءتها تفسيرها. يعني أنها بينة واضحة في اللغة لا يبتغى بها مضائق التأويل والتحريف)) .
واتا: وەكـ و سفيان و جگە لەويش فەرموويانە خوێندنەوەی ئەودەقانەی سيفات تەفسيرە بۆ دەقەكان واتـا ئەم دەقانە ڕونن و ماناكەيان لەزمان ـی عەرەبيدا ڕوونە و نابێت بە تەنگێژاوی تەئويل و تەحريف ببرێن .
العلو للذهبي (١ / ٢٥١، ٢٦٣) .

ئەگەر سـەلەف دژی مانای حەقيقەت ـی ئايەت بان ئەی چۆنە كاتێ پرســياركرا لەئيمام ابن المبارك ((كيف نعرف ربنا؟ فقال: "فوق سبع سماوات على العرش بائن من خلقه "))
واتا: چۆن پەروەردگارمان بناسين؟ فەرمووی بەوەی لەسەر حەوتەم ئاسمانە لەسەر عەرش و جيايە لە مخلوقات (خۆبەقسەی ئەشـاعيرە ئەمە كوفرە چونكە مانای دەقەكەی كـردووە !!))
[البخاري في خلق أفعال العباد ص8].

ئیمام ـی ابن قتیبة ـدەفەرموویێت
"الواجب علينا أن ننتهي في صفات الله إلى حيث انتهى في صفته أو حيث انتهى رسوله صلى الله عليه وسلم ولا نزيل اللفظ عما تعرفه العرب ونضعه عليه ونمسك عما سوى ذلك "

واتا: لەسەرئێمە واجب ـە لەوشوێنەدا بوەستین ئەوەندە بڵێین لەبارەی سیفەتەکانـی الله تعالى کەخۆی یان پێغەمبەرەکەی صلى الله تعالى عليه وسلم باسـیان کردووە وە مانای دەقەکە لانەبەین بەو شێوەیەی کەعەرەب لێی تێدەگات و نەچـین مانایەکی تری بۆ دابنێن کە پێچەوانەی ئەو مانایە بێت کە لەعەرەبیدا زانراوە.

[اختلاف اللفظ ص/25].

کەواتـا کە فەرمووی زانایان تەفسیری دەقەکان ناکەن هەرخۆی ڕوونی کردەوە بەتەفسیری جەهمیەکان و موشەبیهە و تەئویلکاران

وەکـ ئیمام ـی مالك رحمه الله تعالى ـدەفەرموویێت
("أهل البدع الذين يتكلمون في أسماء الله, وصفاته, وكلامه, وعلمه, وقدرته ولا يسكتون عما سكت عنه الصحابة , والتابعون لهم بإحسان)
الحجة في بيان المحجة: 1/1

واتا: ئەهلی بیدەع ئـەوانەی قسەدەکەن لەبارەی ناوەکان ـی الله تعالى و سیفاتەکان ـی و قسەی الله تعالى و زانست ـی الله تعالى و دەسەڵاتی الله تعالى، بێدەنگ نابن لەوشتانەی کەصحابە و تابعین لەسەری بێدەنگ بووە
(واتە بەئەقڵی خۆیان دێن واتای دەقەکان دەگۆڕن یان بەجۆرێ مامەڵە لەگەڵ دەقەکان دەکەن وەک بڵێی الله تعالى شتانێکی لەقورئان فەرمووە کەهەرچەندە عەرەبیشە بەس کەس لەماناکەی سەردەرناکات ولێی تێناگات ! ئەم قسەیەش دژی نەقـڵ و ئەقڵە چۆن دەکرێ الله تعالى پەیامـێ بنێرێ و کەسیش لەپەیامەکەی تێنەگـات بەتایبەت لەگەورەترین بابەت کەبریتیە لەناسـینی زاتی پیرۆزی خۆی)

ئیمامی القرطبي المالكي ئەشعەری دەڵێت لەتەفسیرەکەیدا (7/140-141) :
" وَقَدْ كَانَ السَّلَف الْأُوَل رَضِيَ اللَّه عَنْهُمْ لَا يَقُولُونَ بِنَفْيِ الْجِهَة وَلَا يَنْطِقُونَ بِذَلِكَ , بَلْ نَطَقُوا هُمْ وَالْكَافَّة بِإِثْبَاتِهَا لِلَّهِ تَعَالَى كَمَا نَطَقَ كِتَابه وَأَخْبَرَتْ رُسُله .
وَلَمْ يُنْكِر أَحَد مِنْ السَّلَف الصَّالِح أَنَّهُ اِسْتَوَى عَلَى عَرْشه حَقِيقَة . وَخُصَّ الْعَرْش بِذَلِكَ لِأَنَّهُ أَعْظَم مَخْلُوقَاته , وَإِنَّمَا جَهِلُوا كَيْفِيَّة الِاسْتِوَاء فَإِنَّهُ لَا تُعْلَم حَقِيقَته . قَالَ مَالِك رَحِمَهُ اللَّه : الِاسْتِوَاء مَعْلُوم - يَعْنِي فِي اللُّغَة - وَالْكَيْف مَجْهُول , وَالسُّؤَال عَنْ هَذَا بِدْعَة "

واتا: سەلەف نەفی شوێنیان بۆ الله تعالی نەکردووە بەڵکو هەموو سەلەف ئەوەیان بۆ الله تعالی جێگرکردووە هەروەک چۆن کتاب و سوننەت ئیشبات ی کردووە وە هیچ یەکێ لەسەلەف ئینکاری ئەوەی نەکردووە کە الله تعالی بە حەقیقەت لەسەر عەرشە وەعەرش ی تایبەتمەند کردووە چونکە گەورەترین مخلوقە بەڵام سەلەف چۆنیەتیەکەیان نەزانیوە چونکە چۆنیەتیەکەی نازانرێت وەک ئیمام ی مالک دەفەرمووێت بەرزی الله تعالی لەسەر عەرش ماناکەی زانراوە بەڵام چۆنیەتیەکەی نەزانراوە پرسیارکردنیش دەربارەی چۆنیەتی بیدعەیە

②شوبهەی دووەم دەڵێن
ئیمامی الخلال لە الإمام أحمد گێراویەتیەوە کەفەرموویەتی
("نؤمن بها, ونصدق بها, لا كيف ولامعنى.)

واتا: بڕوامان پێ هەیە و بەڕاستی دەخەینەوە بەبێ چۆنیەتی و بەبێ ماناکردن !
[ذم التأويل ص91]

هەرکەسێ ئاگاداری کتێب و ئەقوالی ئیمام احمد بێت کەهێندە بە توندی سیفاتەکان ی جێ بەجێکردووە تەنانەت لەبابەت ی فەرموودەی (صورە)
کە پێی ڕاگەیەنرا ئەبو ثەور تەئویلی کردووە و ناڵێت ئادەم لەسەر شێوەی الله تعالی درووست بووە
ئیمام احمد فەرمووی ئەوە جەهمیە و لێی دووركەونەوە

ئێستاش ئەم ئەثەرە واتا مانای لێکچواندن و تەحریف ناکەین ئەگینا خودی ئیمام احمد مانای زاهیری دەقەکان دەکات هەر خودی ئیمام احمد دەفەرمووێت

" إنا لا نعلم كيفية ما أخبر الله به عن نفسه وان كنا نعلم تفسيره ومعناه "
واتا: ئێمە چۆنیەتی ئەوە نازانین کە الله تعالی هەواڵی داوە لەسەر خۆی ئەگەرچی تەفسیر و ماناکەی دەزانین .

[کەواتـا لێرەوە تێگەشتین مانای چۆنیەتی ناکەین)
[الصواعق المرسلة ص،/745]

شيخ الإسلام ابن تيمية لـە درء تعارض العقل والنقل (2/ 31):
لەشـەرح ـی وتەکەی ئیمام احمد ـِدەفەرمووێت
(("ولا كيف ولا معنى؛ أي: لا نُكيِّفها، ولا نُحرِّفها بالتأويل، فنقول: معناها كذا))

واتا: بەبێ چۆنیـەتیکردن و بەبێ ماناکردن واتـا چۆنیەتیەکەی دیاری ناکەین وەماناکەشـی ناگۆڕین بەتەئویل کردن و بڵێین ئەمە واتاکەیەتی

شـوبهەی سێهەم وتەیەکی ئیمام ـی بەربهاریە کەدەفەرمووێ
" فما أشكل من الآثار , فعليك بالتسليم, والتصديق, والتفويض, والرضا , ولا تفسر شيئا من هذه بهواك".

واتا: هەرشـتێ لەم ئەثەرنە ئیشکالی بۆ دروست کردی تۆ تەسـلیم ـی بە و بڕوات پێی هەبێت وبیگەڕێنەوە بۆ لای الله تعالى و ڕازی بە و تەفسیری هیچ ـی مەکە بەئارەزووی خۆت
[شرح السنة ص 36].

ئەسـڵەن ئەم وتەیە بەڵگەیە بۆئێمە کە نابـێ دەقەکانی سیفـات بەئارەزووی خۆمان تەفسیر بکەین و ماناکانیان بـگۆڕین بەڵکو دەبێت لەسەر زاهیرەکەی وەری بـگرین و چۆنیەتیەکەشی بگەڕێنینەوە بۆ لای علم ـی الله تعالى
وە ئیمام ـی بربهاری لەشرح السنەکەیدا هەموو سیفاتەکان بۆ الله تعالى ئیثبات دەکات کە ئەوەی ئەو کتێبەی خوێندبێتەوە هەر بەو کتێبە دڵنیا دەبێتەوە ئیمام ـی بربهاری بەتەواوی شوێن عەقـیدەی سەلەف کەوتووە و لەبەکارهێنانی وشەی تفویض مەبەست ـی تفویض ـی چۆنیەتیە نەکـ تفویض ـی ماناکەی.

بسم الله الرحمن الرحيم

الله تعالی لەسەر عەڕش دانیشتووه هەرکـەس
باوەڕی بە دانیشتنی الله تعالی نەبێت لەسەر
عەڕش ئەوا جەهمیە

①هاوەڵی بەڕێز قەتادە بن نعمان فەرمووی بە ابو سعید
(ألم تسمع رسول الله صلّى الله عليه وسلّم يقول : لمّا قضى الله خلقه استلقى ثمّ وضع إحدى رجليه على الأخرى ثمّ قال لا ينبغي أن يُفعل مثل هذا قال أبو سعيد نعم)

واتا: ئایا نەتبیستووە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی کاتێ الله تعالى لەدرووستکردنی دروستکراوەکانی لێ بـویەوە پاڵــی دایەوە وقاچێکی خستە سەر قاچەکەی تری و فەرمووی بـوکەس ڕەوانــیە ئەم کارە بکات ئەبو سەعید فەرمووی بەڵێ بیستومە لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم .
[النقض الامام الدارمی ج1ص 586] .

ئیمامی ابن قیم رحمه الله تعالى دەفەرمووێت

فو الله لو قاله صاحب رسول الله من عند نفسه لكان أولى بقبوله واعتقاده من قول الجهمي المعطّل النافي فكيف إذا نسبه إلى رسول الله

والله ئەگـەر ئەم فەرموودەیە ئەو هاوەڵە هەر لەخۆشیەوە بیگوتایە لەپێشتربوو بۆ قبوڵ کردن و ئیمان دامەزراندن لەسەری ئەم وتە لەپێشترە نەک وتەی جەهمیە موعطلەکان چجای ئەم هاوەڵە ئەم فەرموودەیەی لەپێغەمبەرەوە گێڕاوەتەو صلى الله عليه وسلم)
[الصواعق ج4 ص1572]

② ئیمام ـی عبدالله لەکتاب ـی السنه گێڕاویەتیەوە بەژمارە 585 – بەسەنەدەوە لەئیمام ـی عمرەوە رضي الله تعالى عنه وارضاه فەرموویەتی
(إِذَا جَلَسَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى الْكُرْسِيِّ سُمِعَ لَهُ أَطِيطٌ كَأَطِيطِ الرَّحْلِ الْجَدِيدِ)

واتا: کاتێ پەروەردگار دائەنیشێت لەسەر کورسی دەنگێکــی جیڕە جیڕ لەکورسیەوە دێت وەک دەنگی جیڕەی بارهەڵگر

③الإمام عبدالله بن الإمام أحمد بن حنبل ـ رحمهما الله تعالى فەرموویەتــی
أحمد بن سعيد پێی وتم أبو جعفر الدارمي وتویەتی بیستم لەباوکم دەیفەرموو بیستومە لە خارجة دەیفـەرموو
((الجهمية كفار بلغوا نساءهم أنهن طوالق وأنهن لا يحللن لازواجهن لا تعودوا مرضاهم ولا تشهدوا جنائزهم ثم تلا: طه * مَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى * إِلاَّ تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَى * تَنزِيلاً مِّمَّنْ خَلَقَ الأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلَى * الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى وهل يكون الاستواء الا بجلوس))

واتا: جەهمیــەکان کـافرن بیگەیەنن بە خێزانەکانیان کەئەوان تەڵاقیان کەوتووە لەمێردەکانیان وە حەڵاڵ نین بۆیان سەردانی نەخۆشی جەهمیەکان مەکەن و ئامادەی ناشتنیان مەبن لەگۆڕستان پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە {{طه * مَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى * إِلاَّ تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَى * تَنزِيلاً مِّمَّنْ خَلَقَ الأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلَى * الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى}} ـ استواء نابێت ئیلا بەدانیشتن نەبێت .
[كتاب السنة 1/ 105]

④ئیمام ـی الشعبي لە عبدالله ـەوە ئەیگێڕێەوە کەلەتەفسیری ئایەتی {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى} فەرمووی «جالس» واتا الله تعالى لەسەر عەرش دانیشتووە.

⑤ الحسن وعكرمة لەڕاڤەی ئایەتی {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى} فەرموویـانە: «جالس» واتا لەسەر عەرش دانیشتووە
[اثبات الحد للدشتي ص234]

⑥إمام الأئمة محمد بن إسحاق بن خزيمة رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێت
من لم يقل بأن الله فوق سماواته على عرشه بائن من خلقه وجب أن يستتاب فإن تاب وإلا ضربت عنقه ثم ألقي على مزبلة لئلا يتأذى بنتن ريحه أهل القبلة ولا أهل الذمة

واتا: هەرکەسێ نەڵێت الله تعالى لەسەرووی ئاسمانەکانەوەیە لەســەر عەرشەکەیەتی و جیایەیە لەمەخلوقەکانی پێویســتە داوای تەوبەی لێ بکرێت ئەگەر تەوبە نەکات لەگەردنی دەدرێت و فڕێ ئەدرێتە ناو خۆڵ و خاشاکەوە بۆ ئەوەی ئەهلی قیبلە و ئەهلی ذمـە بە بۆنە پیسەکەی ئازار نەچێژن .

الصواعق المرسلة في الرد على الجهمية والمعطلة – ابن القيم الجوزية – الجزء الرابع

ئەمە ئەوسیفەتەی الله تعالى یە کە ئەشاعیرە و جەهمیەکان بەبیستنی مووی گیانیان گرژ ئەبێت (سیفەتی قورسایی الله تعالى کەلەقورسی الله کورسی دەنگی لێوە دێت و ئاسمانەکان خەریکە لەیەک دەترازێن چونکە الله تعالى لەسەر عەرش دائەنیشێت)

شوێنکەوتەی دلیل ـین لەسەر مەنهەجی سەلەفین گەر ئەقڵیش قبوڵی نەکات
حاشا لەئەقڵی سەلیم کە قبووڵی دلیل نەکات

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی

(ويحك أتدري ما الله إن عرشه على سماواته لهكذا وقال : بأصابعه مثل القبة عليه وإنه ليئط به أطيط الرحل بالراكب)

واتا: هاواربۆتۆ ئەزانی الله تعالى کێیە ؟ عەرشەکەی لەسەر ئاسمانەکانە بەپەنجەی ئاماژەی گومەزی پێکرد وە فەرمووی عەرش دەنگی جیرە جیری دێت وەک دەنگی جیرەی بارهەڵگر / سنن أبي داود - السنة - في الجهمية - رقم الحديث: (4101)

وعن عمر (يعني إبن الخطاب) قال : أتت إمرأة النبي (صلى الله عليه وسلم) ، فقالت : إدع الله أن يدخلني الجنة ، قال : فعظم الرب تبارك وتعالى وقال : إن كرسيه وسع السماوات والأرض ، وإن له أطيط كأطيط الرحل الجديد إذا ركب من ثقله ، رواه أبو يعلى في الكبير

ورجاله رجال الصحيح غير عبد الله بن خليفة الهمذاني وهو ثقة./
الهيثمي - مجمع الزوائد - ج1 (83)

واتا: ابن مسعود ئەیگێڕێتەوە لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەپرسیاری لێکرا مقام ـی محمود چیە
قيل له : ما المقام المحمود قال : ذاك يوم ينزل الله تعالى على كرسيه يئط كما يئط الرحل الجديد
واتا: فەرمووی ـ بریتیە لەورۆژەی الله تعالى لەسەر کورسیەکەی دادەبەزێت وە کورسی دەنگی لێوە دێت وەک دەنگی بارهەڵگرێکی نوێ .
سنن الدارمي - الرقاق - في شأن الساعة - رقم الحديث: (2680)

إبن أبي شيبة - لەكتاب العرش - پەڕەی(78)دەیگێڕێتەوە ـدەفەرموویێت

59 - حدثنا : الحسن بن علي ، وإسماعيل بن إبراهيم بن غزوان قالا : ، نا : عبد الصمد بن عبد الوارث ، حدثني : أبي ، نا : محمد جحاده ، عن سلمة بن كهيل ، عن عمارة ، عن أبي بن عمير موسى قال : الكرسي موضع القدمين وله أطيط كأطيط الرحل.

واتا: کورسی جێگای پێی الله تعالى یــە و دەنگی لێوە دێت وەک دەنگی بارهەڵگر.

ابن جرير الطبري - له جامع البيان - له تەفسیری سورة البقرة - ج (3)/ (15)

دەیگێڕێتەوە بەژمارە
5296 - وقال آخرون : الكرسي : موضع القدمين ، ذكر من قال ذلك : ، حدثني : علي بن مسلم الطوسي ، قال : ، ثنا : عبد الصمد بن عبد الوارث ، قال : ، ثنى : أبي ، قال : ، ثنى : محمد بن جحادة ، عن سلمة بن كهيل ، عن عمارة بن عمير ، عن أبي موسى ، قال : الكرسي : موضع القدمين ، وله أطيط كأطيط الرحل.

واتا: ابـی موسا فەرموویەتی کورسی جێی پێی الله تعالى یە و دەنگی هەیە وەک دەنگی بار هەڵگـر .

ئیمام ـی الطبري له تفسیرەکەیدا ـدەفەرمووێت (21-501) :
حدثنا بشر قال: ثنا يزيد، قال: ثنا سعيد، عن قتادة، قوله: ﴿تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْ فَوْقِهِنَّ﴾
واتا: خەریکە ئاسمانەکان لەیەکتر بترازێن
قەتادە لەتەفسیری ئەمە دەفەرمووێت
أي من عظمة الله وجلاله.
واتا: واتا لەگەورەی الله تعالى

وقال : حدثني محمد بن عمرو، قال: ثنا أبو عاصم، قال: ثنا عيسى ثنا ورقاء عن ابن أبي نجيح عن مجاهد قوله: ﴿مُنْفَطِرٌ بِهِ﴾ قال : مثقلة به.
ئیمام موجاهید دەفەرمووێت لەبەر ئەوەی ئاسمان قورس بووە بە الله تعالى

ئیمام الحافظ ابن حجر لە الفتح لەموجاهیدەوە دەیگێڕێتەوە
(8-675) : ولابن أبي حاتم من طريق أخرى عن مجاهد : منفطر به تنفطر من ثقل ربها تعالى

واتا: خەریکە ئاسمانەکان لێک بترازێن لەبەر قورسی الله تعالى

وە فەرموودەی دەنگ هاتنی کورسی لەبەر قورسی الله تعالى زانایان بەسەحیح یان داناوە

شێخ الاسلام ابن تیمیه له مجموع الفتاوی (16/ 435) :"دەفەرموێت
(وَمِنْ ذَلِكَ حَدِيثُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خَلِيفَةَ الْمَشْهُورُ الَّذِي يَرْوِي عَنْ عُمَرَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَدْ رَوَاهُ أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْوَاحِدِ المقدسي فِي " مُخْتَارِهِ ". وَطَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْحَدِيثِ تَرُدُّهُ لِاضْطِرَابِهِ كَمَا فَعَلَ ذَلِكَ أَبُو بَكْرٍ الْإِسْمَاعِيلِيُّ وَابْنُ الْجَوْزِيِّ وَغَيْرُهُمْ. لَكِنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ السُّنَّةِ قَبِلُوهُ. وَفِيهِ قَالَ: {إنَّ عَرْشَهُ أَوْ كُرْسِيَّهُ وَسِعَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَإِنَّهُ يَجْلِسُ عَلَيْهِ .. وَإِنَّهُ لَيَئِطُّ بِهِ أَطِيطَ الرَّحْلِ الْجَدِيدِ بِرَاكِبِهِ)"

لەوانەش فەرموودەکەی عبدالله بن خلیفه المشهور کە دەیگێڕێتەوە لە عمرەوە ئەویش لەپێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم ـەوە کەابو عبدالله محمد بن عبدالواحد المقدسی لە مختارەکەیدا گێڕاویەتیەوە وەهەندێ لەئەهلی حدیث ڕەدی ئەکەنەوە وەک ابو بکری الاسماعیلی وابن جوزی وجگە لەوانیش بەڵام زۆرینەی ئەهلی حدیث قبووڵیان کردووە کەتێیدا فەرموویەتی (عەرشی الله تعالی یان کورسی الله تعالی پانتای ئەرز و ئاسمانی گرتۆتەوە وە الله تعالی لەسەری دائەنیشێت وەدەنگی لێوە دێت وەک دەنگی بارهەڵگری نوێ کەباری لەسەر ئەنرێت).

شێخ سلیمان بن سحمان له الضیاء الشارق 178
": فإذا ثبت هذا عن أئمة أهل الإسلام، فلا عبرة بمن خالفهم من الطغام أشباه الأنعام".

واتا: ئەگەر ئەم ڕیوایەتانە لەپێشەوایانی ئیسلامەوە جێگیربووبێت ئەوا ئاوڕ نادرێتەوە بەوانەی پێچەوانەی دەکەن لەکەسە بێ نرخەکان کەهاوشێوەی ئاژەڵن .

بسم الله الرحمن الرحيم

الله تعالى لەڕۆژی قیامەت پێغەمبەر صلى الله
علیه وسڵم لەسەر عەڕش دائەنیشێنێت

ئیمـام ـی الخلال لە السنة 236 – بەسەنەد گێڕاویەتیەوە لە أخبرنا أحمد بن أصرم المزني، قال: ثنا عباس بن عبد العظيم، قال: ثنا يحيى بن كثير العنبري، قال: ثنا مسلم بن جعفر وكان ثقة، عن الجريري، عن سيف السدوسي، له عبد الله بن سلام (صەحابەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی

إن محمدا يوم القيامة بين يدي الرب عز وجل، على كرسي الرب تبارك وتعالى

واتا: محمد صلى الله عليه وسلم لەڕۆژی قیامەت لەبەردەستی الله تعالى لەسەر کورسی پەروەردگاری ئەبێت تبارک وتعالی

أسد بن موسى 44 گێڕاویەتیەوە لە مهدي بن ميمون، لە محمد بن عبد الله بن أبي يعقوب، لە بشر بن شغاف، لە عبد الله بن سلام کەفەرموویەتی (فیلقی لە کرسي عن يمين الله تبارك وتعالى» الزهد (ص38)

واتا: بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کورسی دائەنرێت لەڕاستی الله تبارکـ وتعالی

ئیمام ـی الحاکم بەوسەنەدە گێڕاویەتیەوە بەژمارە 8698 فەرموویـەتی
هذا حديث صحيح الإسناد
واتا: (ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی صەحیحە)

ئیمام ـی الذهبي لە التلخيص 8698 فەرموویەتی– «صحیح» ـە

تەفسیری ئیمام ـی موجاهید
ئیمام موجاهید کێیە؟
ئیمام ـی مجاهد قـوتابی ئیمامی ابن عباس بووە سێ جار تەفسیری قورئان ـی لە ئیمامی ابن عباس وەرگرتووە وەک خۆی ئەفەرمووێت
«عَرَضْتُ الْقُرْآنَ عَلَى ابْنِ عَبَّاسٍ ثَلَاثَ عَرَضَاتٍ، أُوقِفُهُ عَلَى كُلِّ آيَةٍ، أَسْأَلُهُ فِيمَا نَزَلَتْ، وَكَيْفَ كَانَتْ؟».

واتا: سێ جار قورئانم لەلای ابن عباس ڕەزای الله تعالى ـی لێ بێت لەهەر ئایەتێکدا وەستام و پرسیارم لێکردووە ئەم ئایەت بۆچی دابەزیووە وە چۆن بووە
المستدرك ط العلمية (2/ 307)

ئیمامی ـی الخلال بەژمارە 296 – لە محمد بن بشر، لە عبد الرحمن بن شريك، فەرموویەتی أبو يحيى القتات لە ئیمام ـی مجاهد گێڕاویەتیەوە لەبارەی ئایەتی {عَسَى أَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا} فەرموویەتی
«يقعد محمدا على العرش».
واتا: الله تعالى محمد صلى الله عليه وسلم لەسەر عەرش دائەنیشێنێت
السنة الخلال (1/ 252)

ابن أبي شيبة: 33812 ئەفەرموویت
ابن فضيل لە ليث عن مجاهد گێڕاویەتیەوە لەڕاڤەی: {عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا}
فەرموویەتی: يقعده على العرش
واتا: الله تعالى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەر عەرش دائەنیشێنێت
مصنف ابن أبي شيبة (17/ 413)

لەوانەیە کەسێ بڵێت ئەم ئەثەرە زەعیفە چونکە لیث لەلای زۆرێ لەزانایان بەزەعیف دانراوە لەوەڵامـدا ئەڵێین

ئیمام يحيى بن سعيد القطان :ئەفەرموویت

تساهلوا في التفسير عن قومٍ لا يوثِّقونهم في الحديث ، مثل ليث بن أبي سليم ، وجويبر بن سعيد ، والضحاك ، ومحمد بن السائب ؛ يعني : الكلبي .

واتا: زانایان ـی ئەهلی حەدیث لەتەفسیری قورئانی پیرۆز ئاسانکاری ئەکەن لەبارەی کەسانێک کەلەفەرموودەدا فەرموودەیان وەرناگرن ..نموونەی لیث بن ابی سـلیم و جويبر بن سعيد وضحاکـ و محمد بن سائب واتا الکـلبی .. ويُكتب التفسير عنهم .. تەفسیرەکانیان ئەنووسرێنەوە

[دلائل النبوة ، للبيهقي ، (1 : 35 ـ 37)

ئەم تەفسیرەی ئیمام ـی مجاهد هەموو سەلەف بەسەحیح یان ـداناوە وە کردوویانە بەئەصڵێک لەئصوڵەکانی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەمـاعەت ئەوەی پێچەوانەی بکات و بڕوای بەو تەفسیرە نەبێت بەجەهمـی و مبتدع ناویان بردووە.

①ئیمامی ـی إسحاق بن راهويه (ت238) ئەفەرموویێت
الإيمان بهذا الحديث والتسليم له. من رد هذا الحديث فهو جهمي
واتا: بڕوابوون بەم حەدیثە و تەسلیم بوون بۆی وەهەرکەسێ ڕەددی بکــاتەوە ئەو کەسە جەهمیە
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 217)

②عبد الوهاب الوراق ئەفەرموویێت (ت250)
الذي رد فضيلة النبي صلى الله عليه وسلم يقعده على العرش فهو متهم على الإسلام

واتا: ئەوکەسەی ڕەدوی فەزیڵەتی دانیشتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەر عەرش بکاتەوە ئەو کەسە تۆمەتبارئەکرێ لەسەر ئیسلام (واتا گومان لەسەر موسڵمان بوونی ئەکرێت)
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 217)

③محمد بن عبد الملك بن مروان بن الحكم الواسطي (ت266) ئەفەرموویێت

من ردها فهو عندنا جهمي،

واتا: هەرکەســێ ڕەدی بکاتەوە لەلای ئێمە جەهمیە
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 217)

④محمد بن أحمد بن واصل (ت273) ئەفەرموویێت
من رد حديث مجاهد فهو جهمي
واتا: هەرکەســێ حەدیثەکەی مجاهد ڕەتکاتەوە ئەو کەســە جەهمیە
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 214)

⑤يَحْيَى بنُ أَبِي طَالِبٍ البَغْدَادِيّ (ت275) ئەفەرموویێت لەبارەی ئەثەرەکەی مجاهید

من رده فقد رد على الله عز وجل، ومن كذب بفضيلة النبي ﷺ فقد كفر بالله العظيم

واتا: هەرکەسێ ڕەددی بکاتەوە ئەوا ڕەددی الله عزوجل ـی یاوەتەوە وەهەرکەسێ فەزیڵەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەتکاتەوە ئەوا کافرە بە الله ـی گەورە.
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 215)

⑥هارون بْن الْعَبَّاس الهاشمي (ت275) ئەفەرموویێت
رد حديث مجاهد فهو عندي جهمي، ومن رد فضل النبي صلى الله عليه وسلم فهو عندي زنديق لا يستتاب، ويقتل، لأن الله عز وجل قد فضله صلى الله عليه وسلم على الأنبياء عليهم السلام ...

واتا: هەرکەسێ ڕەددی حەدیثەکەی مجاهید بکاتەوە ئەوکەسە لای من جەهمیە وە هەرکەسێ فەزڵی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەت کاتەوە لەلای من زندیقە داوای تەوبەی لێ ناکرێت ئەکوژرێت چونکە الله عزوجل فەزڵی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ـی یاوە بەسەر هەموو پێغەمبەران عليهم السلام

فاحذروا من رد حديث مجاهد.. فمن رد هذا وحديث مجاهد فلا يكلم، ولا يصلى عليه

واتا: ئاگاداربن لەڕەددکردنەوەی حەدیث ـی مجاهد ..هەرکەسێ حەدیث ـی مجاهد ڕەت کاتەوە قسەی لەگەڵ ناکرێت و نوێژی لەسەر ناکرێت
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 233)

⑦مُحَمَّدُ بنُ إِسْمَاعِيْلَ بنِ يُوْسُفَ السُّلَمِيُّ ئەفەرموویێت (ت280)
من توهم أن محمدا صلى الله عليه وسلم لم يستوجب من الله عز وجل ما قال مجاهد فهو كافر بالله العظيم»

واتا: هەرکەس پێی وابێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شایەنی ئەوە نیە کە مجاهد فەرموویەتی ئەوکەسە کافرە بە الله ـی گەورە
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 217)

⑧ئیمام ـی ابنِ خُزَيْمَةَ المُزَنِيُّ (ت285) ئەفەرموویێت
من رد هذا فهو متهم على الله ورسوله، وهو عندنا كافر،

واتا: هەرکەسێ ئەمە ڕەت کاتەوە ئەوا تۆمەتبارئەکرێ لەسەر الله تعالى و رسولەکەی صلى الله عليه وسلم وەلەلای ئێمە
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 215)

⑨ئیمام ـی أبو الْحَسَن القنْطرِيّ (ت272) ئەفەرمووێت
قال: «أتى عليَّ أربع وثمانون سنة، ما رأيت أحدا رد هذه الفضيلة إلا جهمي»

واتا: هەشتا و چوارساڵ هاتووە بەسەرمدا کەسم نەبینیووە ئەم فەزیلەتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەت بکاتەوە ئیلا جەهمی نەبێت
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 233)

⑩ئیمامـــی أَبُو إِسْحَاقَ الأَصْبَهَانِيُّ (ت266) ئەفەرمووێت
قال: «هذا الحديث حدث به العلماء منذ ستين ومائة سنة، ولا يرده إلا أهل البدع».

واتا: ئەم فەرموودەیە زانایان سەدوو شەست ساڵە ئەیگێڕنەوە کەسـ ڕەددی نەکردۆتەوە تەنهـا ئەهلی بیدەع نەبێت
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 217)

①①ئیمام مُحَمَّدُ بنُ إِسْحَاقَ (ت270) ئەفەرمووێت
لا أعلم أحدا من أهل العلم ممن تقدم، ولا في عصرنا هذا إلا وهو منكر لما أحدث الترمذي من رد حديث (يقعده على العرش) فهو عندنا جهمي، يهجر ونحذر عنه...

واتا: کەس ناناسم لەزانایان ـی پێشین وئەم سەردەمە ئیلا ئینکاری کردووە لەو بیدعەیە کرد کەالترمذی دایهێنا (مەبەست پێی ئیمام ـی الترمذی خاوەن السنن الترمذی نیـە) زانایـان وتویانە هەرکەسێ فەرموودەی دانیشتنی پێغەمبەر لەسەر عەرش ڕەت کاتەوە ئەو کەسە لەلای ئێمە جەهمیە و هەجر ئەکرێت و تەحذیری لێ ئەکرێت

(وقد أتى علي نيف وثمانون سنة ما علمت أن أحدا رد حديث مجاهد إلا جهمي، وقد جاءت به الأئمة في الأمصار، وتلقته العلماء بالقبول)

واتا: زیاتر لەهەشتا ساڵ تێپەڕیووە بەسەرمدا کەسم نەناسیووە ڕەددی حەدیثەکەی مجاهد بکاتەوە ئیلا جەهمی نەبێت وە زانایان لەهەموو وڵات وشوێنەکان ئەم ئەثەرەیان قەبوڵ کـردووە
(نیف: واتا لەیەکـ تا سێ)
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 232)

②①ئیمام ـی أبو داود السجستاني (ت275) فەرموودەناسی بەصرە ئەفەرموویّت

أرى أن يجانب كل من رد حديث ليث، عن مجاهد: (يقعده على العرش) ويحذر عنه، حتى يراجع الحق، ما ظننت أن أحدا يذكر بالسنة يتكلم في هذا الحديث، إلا إنا علمنا أن الجهمية تنكره

واتا: وای ئەبینم دووربكەونەوە لەهەرکەسێک ڕەددی حەدیثەکەی لـیث لە مجاهد بکاتەوە کە فەرموویەتی الله تعالى پێغەمبەر لەسەر عەرش دائەنیشێنێت وە خەڵک لەو کەسە ئاگاداربکرێتەوە وە نەمزانیوە کەسێک هەبێت ئەهلی سونبەت بێت و بەسوننەت قسەبکات لەسەر ئەم فەرموودەیە قسەی کردبێت ئەوەی ئێمە زانیوە تەنها جەهمیەکان ئینکاری لێ ئـەکەن
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 233)

③①أبو قلابة عبد الملك بن محمد بن عبد الله الرقاشي (276هـ) فەرموودەناسی بەصرە ئەفەرموویّت
لا يرد هذا إلا أهل البدع والجهمية.
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 255)

واتا: کەس ئەم ئەثەرە ڕەدد ناکاتەوە جگــە لەئەهلی بیدەع و جەهمیەکان

④① أبو عبد الله الكُوفيُّ الخزاز الْمُقْرِئ (ت272) ئەفەرموویّت
«والله ما للنبي صلى الله عليه وسلم فضيلة مثلها، أدركت شيوخنا على ذلك يتلقونه بالقبول، ويسرون بها، ولا يردها إلا رجل سوء جهمي».
واتا: سوێند بەالله تعالى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیچ فەزیلەتی تری هاوشێوەی ئەمەی نیە زاناکانی خۆمان بینیووە ئەمەیان قبوڵ کـردووە و پێیان خۆش بووە وە کەس ڕەددی ناکـاتەوە ئیلا پیاوێ خراپی جەهــمی
السنة لأبي بكر بن الخلال (1/ 255)

⑤①هارون بْن الْعَبَّاس الهاشمي (ت275) ئەفەرموویّت
①ئیمام ـی الدارمي رحمه الله تعالى: ـدەفەرمووێت (فمن ادعى أنه ليس لله حد فقد رد القرآن وادعى أنه لاشيء لأن الله تعالى وصف حد مكانه في مواضع كثيرة من كتابه)

واتا: هەرکەسـێ لافی ئەوە لایێ بات کە الله تعالی سنووری نیە ئەوە ڕەددی قورئان ـی کردۆتەوە وەبانگەشەی ئەوەی کردووە کە هیچ نیە چونکە الله تعالی وەسفی سنور ، شـوێن ـی خۆی کـردووە لەچەندان شوێن لەکتابەکەیـدا
(النقض ص102)

②ئیمام ـی بوخاری ـدەفەرمووێت رحمه الله تعالى (وقال الفضيل بن عياض: إذا قال لك جهمي: أنا أكفر برب يزول عن مكانه، فقل: أنا أؤمن برب يفعل ما يشاء)

واتا: فضیل ـی کوڕی عیاض ـدەیفەرموو ئەگەر جەهمیەک پێی وتی من بێ باوەڕم بە پەروەردگارێـک کە لەشـوێنی خۆی لابچێت ئەوا وەڵام ـی ئەوجەهمیە بەرەوە پێی بـڵێ(من باوەڕم بە پەروەردگـارێکە چی بووێت دەیـکات) [خلق أفعال العباد للبخاري] [(ص36)]

③ئیمام ـی مجاهد رضي الله تعالى عنه وارضاه لەتەفسیری ئایەت ـی {وقربناه نجيا} ـدەفەرمووێت (فلما رأى مكانه وسمع صريف القلم؛ قال: {رب أرني أنظر إليك}
واتا: کـاتێ شوێن ـی الله تعالى بینی و گوێی لەدەنگی قەڵەم بـوو ئەوکاتە موسا وتی پەروەردگارا ڕێگەم بە بت بینم .
(العظمة لأبي الشيخ الأصبهاني (2/ 690)

④بـشری کوڕی السری پرسیاری لەحەمادی کوڕی زید کـرد
وتی (يا أبا إسماعيل الحديث الذي جاء: {ينزل ربنا إلى سماء الدنيا} يتحول من مكان إلى مكان؟ فسكت حماد بن زيد ثم قال: هو في مكانه يقرب من خلقه كيف شاء.)
(ابن بطة في كتاب " الإبانة)

واتا: ئەی باوکی اسماعیل ئەو فەرموودەی کەهاتووە کەدەفەرمووێت
(الله تعالى دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دوونیـا) ئایا الله تعالى شوێن خۆی دەگۆڕێ بۆ شوێنی تر؟ حەماد بن زید بێدەنگ بـوو پاشان وتی (الله تعالى لە شـوێنی خۆیەتی و نزیک دەبێتەوە لەدروستکراوەکانی بەهەرشێوەیەک خۆی ویســتی لێ بێت)
مجموع الفتاوى (5/ 376)

⑤ئیمام حرب الكرماني رحمه الله تعالى: ـدەفەرمووێت (والجهمية أعداء الله: وهم الذين يزعمون أن القرآن مخلوق وأن الله لم يكلم موسى، وأن الله لا يتكلم، ولا يرى، ولا يعرف لله مكان)

واتا: جەهمیەکان دوژمنان ـی الله تعالى ئەوانەی کەپێیان وایە قورئان مەخلوقە وە الله تعالى قسەی لەگەڵ موسا نەکردووە وە پێیان وایە الله تعالى قسە ناکات و نابینرێت وە پێیان وایە الله شـــــوێنی نیـــە
[مسائل حرب الكرماني] (3/ 980)

⑥ئیمام عثمان الدارمي رحمه الله تعالى لەڕەددی بـشری المریسی ـدەفەرمووێت (وكيف يهتدي بشر للتوحيد، وهو لا يعرف مكان واجده)

وایا: بـشر چۆن ڕێنمای و هیدایەت دەدرێت بۆ تـەوحـید لەکاتێکدا شـوێن ـی بەدیهێنەرەکەی نازانێت [42 النقض]

⑦ئیمام ـی ابن قتيبه رحمه الله تعالى ـدەفەرموویت (أن الله تعالى هو العلي، وهو الأعلى، وهو بالمكان الرفيع، وإن القلوب عند الذكر تسمو نحوه، والأيدي ترفع بالدعاء إليه.)

واتا: الله تعالى بڵند و بەرزە وە لەشوێنــی بەرزە وە لەکاتی یادکردن ـی الله تعالى ـدا دڵەکان بۆلای ئەو هەڵدەقولێت و بەرزدەبنەوە وە لەکات ـی پاڕانەوەدا دەستەکان بۆلای ئەو بڵند ئەکرێنەوە

[تأويل مختلف الحديث (ص394)]

⑧ئیمام ـی إبن جرير الطبري رحمه الله تعالى ـدەفەرموویت (معنى ذلك: وهو العلي على خلقه بارتفاع مكانه عن أماكن خلقه...كما وصف به نفسه أنه على العرش، فهو عال بذلك عليهم)

واتا: مانای ئەوەش بریتیە لەوەی الله تعالى بەرز و بڵندە لەسەر دروستکراوەکان ـی بە بەرزیبوونی شــوێنەکەی بەسەر شوێن ـی دروستکراوەکان ـی، وەهەروەک چۆن وەسفی خۆی کردووە کەلەسەر عەرشە ئاوا بەشــوێن یش بەرزە بەسەر درووستکراوەکانیەوە)

تفسير الطبري (5/ 406)

⑨ئیمام ـی ابن بطة رحمه الله تعالى ـدەفەرموویت (نقول: إن ربنا تعالى في أرفع الأماكن، وأعلى عليين، قد استوى على عرشه فوق سماواته، وعلمه محيط بجميع خلقه)

واتا: دەڵێین الله تعالــى پەروەردگارمان لەبەرزترین شوێنە و بەرز و بڵندترینە وەلەسەر عەرشــەکەی بەرز و بڵندە لەسەرووی ئاسمانەکان وە زانستەکەی هەموو دروستکراوەکان ـی دەگرێتەوە...

(الإبانة الكبرى – ابن بطة (7/ 141))

⑩ئیجماع لەسەر ڕیددەی ئەوکەسەی کە نەڵێت الله تعالی شـوێن ـی هەیە
ئیمام ـی الدشتي الحنبلی رحمه الله تعالی ـدەفەرموویت (فمن مذهب أصحاب الحديث الذين هم أهل السنة وأئمةُ المسلمين وعلماءُ بيانٍ يعتقدون ويشهدون أن من قال: "ليس لله تعالى حدٌّ" يعني بذلك: أن الله في كل مكان، أو "ليس هو على العرش استوى كما تقرر في قلوب العامة"، أو ليس سبحانه "شخص" ولا "شيء"، أو ليس لله جهة، ولا له مكانٌ؛ فقد ارتد عن دين الإسلام، ولحق بالمشركين، وكفر بالله وبآياته وبما جاء به رسوله ﷺ)

واتا: لەمەزهەب ـی ئەهلی حەدیث ئەوانەی کەئەهلی سوننەت و جەماعەن و پێشەوای موسڵمانانن و زانایان بڕوایان وایە وشایەتی ئەیەن کەهەرکەسـێ بڵێت (الله تعالی سنوری نیە واتـا بڵێت الله تعالی لەهەموو شوێنێکە یان بڵێت الله تعالی لەسەر عەرش نیـە بەوشێوەی کەدڵی عەوام ـی موسڵمانان جێگیرە یان نەڵێت الله تعالی (کەسـێکە) یان نەڵێت الله تعالی (شتێـکە) یان نەڵێت الله (جێگە و شـوێن ـی هەیە) ئەوا ئـــەوکەســـە مورتەد بۆتەوە لەدین ـی ئیسلام و بۆتە یەکێ لەموشریکان وەکافربووە بە الله تعالی و بەئایەتەکان ـی وە کافربووە بەوەی بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتووە
[إثبات الحد ص180]

①① الشيخ الإسلام ئیمام ـی ابن تیمیة رحمه الله تعالی ـدەفەرموویت (جاء في الآثار من إثبات مكانه تعالى)
واتا: لەئەثـەرەکان ـدا هاتوە جێگیرکردن ـی شـوێن بۆ الله تعالی
بيان تلبيس الجهمية (3/ 622)

②①ئیمام ـی ابن رجب حەنبەلی رحمه الله تعالی ـدەفەرموویت (وأما المكان: ففيه نزاع وتفصيل. وفى الصحيحتين إثبات لفظ المكان)
واتا: بەڵام شــوێن ناکۆکی و تەفسیلی تێدایە لەهەردوو سەحیحەکەدا لەفزی شوێن بۆ الله تعالی جێگیرکراوە .
ذيل طبقات الحنابلة (2/ 24)

لەوەڵامی گومانــە بەناو ئەقڵی و کەلامیەکانی سەرباز کەقیاس ـی الله تعالی دەکات بەمخلوقات

ئیمام ـی ابن عبد البر رحمه الله تعالی ـدەفەرموویت

وأما احتجاجهم لو كان في مكان لأشبه المخلوقات ; لأن ما أحاطت به الأمكنة واحتوته مخلوق فشيء لا يلزم، ولا معنى له لأنه عز وجل ليس كمثله شيء من خلقه، ولا يقاس بشيء من بريته لا يدرك بقياس، ولا يقاس بالناس

واتا: ئەوەی کەدەیــکەن بەبەڵگــە دەڵێن ئەگەر الله تعالی شوێنی هەبێت ئەوا شوبهێنراوە بە مخلوقات چونکە ئەوەی کە شــوێن دەیگرێتەوە بریتیە لەمخلوق ئەم(قسەیەش)وتەیەک(نیە ئێمەی پێ مولزەم بکرێت وەهیچ مانایەکی نیە چونکە الله عزوجل هیچ هاوشـێوەیەکی نیە لەدروستکراوەکانی وە الله تعالی قــیاس ناکرێت بەمخلوقات وە بەقیاســی ئەقڵی و نموونە هێنانەوەی ئەقـڵی) درکـ بە(ناسینی)الله تعالی ناکرێت وە الله تعالی بەخەڵکــی قیاس ناکرێت

لا إله إلا هو كان قبل كل شيء ;، ثم خلق الأمكنة والسماوات والأرض وما بينهما وهو الباقي بعد كل شيء، وخالق كل شيء لا شريك له
واتا: هیچ پەرستراوێــک نیە بەحەق تەنها الله تعالی نەبێت الله تعالی بوونی هەبووە پێش هەموو شــتێک پاشان شوێن و ئاسمانەکان و زەوی وئەوەی لەنێوانیاندا دروست ـی کرد وە الله تعالی دوای لەناوچوونی هەموو شتێک هەر ئەمێنێتەوە وە دروســتکاری هەموو شتێکە و هاوبــەشی نیە

وقد قال المسلمون وكل ذي عقل أنه لا يعقل كائن لا في مكان منا ، وما ليس في مكان فهو عدم،

واتا: موسڵمانان و هەموو خاوەن ئەقڵێک دەڵێن ناکرێت و مەحاڵە بونەوەرێــک هەبێت لەئێمەدا وئەو بونەوەرە شوێنی نەبێت چونکە هەرشتێ شوێن ـی نەبێت ئەوا ئەوشتە نیە...

وثبت بالواضح من الدليل أنه كان في الأزل لا في مكان، وليس بمعدوم فكيف يقاس على شيء من خلقه؟ أو يجري بينه وبينهم تمثيل أو تشبيه؟ تعالى الله عما يقول الظالمون علوا كبيرا

واتا: وە چەسپاوە بەبەڵگەی ڕوون کە الله تعالى لەئەزەلدا هەبووە لەشوێندا نەبووە وە نەبوون ـی شوێن ـی مانای ئەوە نیە الله تعالى بوونی نەبووە کەواتـا چۆن الله تعالى قیاس دەکرێت بە مخلوقات یان لەنێوان الله تعالى و مخلوقات ـدا شوبهاندن و هاوشێوە دانان ئەنجام بدرێت پاکـ و بێگەردی بۆ الله تعالى لەوەی ستەمکاران دەیلێن...

ولكنا نقول استوى من لامكان إلى مكان

واتا: بــەڵکو ئێمە دەڵێین الله تعالى لەنەبوون ـی شوێن بەرز و بڵندبووەوە بۆ (مکان) (شــوێن)

(التمهيد ابن عبد البر (5/ 146))

بسم الله الرحمن الرحيم

بەتاڵ کردنەوەی شوبهەی ئەشعەریە گومڕاکان
دەربارەی ئیمامی ئەحمەدی ڕێزدارمان

وەڵامـــێک بۆ ئەشعەریەکی داماو کەڕیوایەتێکی هێناوەتەوە ئەڵێ ئیمام ـی احمد رحمە اللە تعالی تەئویل ـی هاتنی اللە تعالی ـی کردووە

دەقی ڕیوایەتەکە ئەمەیە ـ
بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە لەحاکم لە ابـی عـمرو بن سـماک لە حەنبەل(بن اسحاق) لەئیمامـی ئەحمەدەوە کە لەتەفسیری ئایەتی وجاء ربك (پەروەردگارت دێت) تەئویلی کردووە بەوەی فەرموویەتی واتـا (أنه جاء ثوابه،) پاداشتەکەی هات

بەچەند خاڵێک وەڵامــی ئەدەینەوە
①سەرەتا کێشەی سەنەدەکە
ئەوەی ئەو ڕیوایەتە لەئیمام احمد گێڕاوەتەوە
کەسێکە بەناوی حەنبەل ـی کوڕی ئیسحاق
ئەم حەنبەلە بەوەناسراوە کە هەندێ شتی گێڕاوەتەوە لەئیمام احمد هیچ کەسی تر ئەوشتانەی نەگێڕاوەتەوە

وە هەر ڕیوایەتێک ئەم حەنبەلە تەنها خۆی گێڕابێتیەوە لەبارەی عەقیدەی ئیمام احمد رحمە اللە تعالی زانایان ڕەتیان کردۆتەوە چونکە شتی غەریب و سەیر و سەمەرەی زۆر داوەتە پاڵ ئیمام احمد رحمە اللە تعالی و هیچ کەسێ تر لەقوتابی و منداڵەکانی ئیمام احمد ئەو شتانەیان نەگێڕاوەتەوە

ئیمام ـی الذهبي -رحمە اللە تعالی- لە سير أعلام النبلاء (3/52) لەبارەی ئەم حەنبەلـی کوڕی ئیسحاقە دەفەرموێت (ويتفرد، ويغرب)
واتا: شتی بێهاوتا و نامۆی زۆر لێوە گێڕدراوەتەوە.

ئیمام ـی أبو يعلى الفراء رحمە اللە تعالی: ئەفەرموێت
أبو إسحاق بن شاقلا: فەرموویەتی هذا غلط من حنبل لا شك فيه"
واتا: گێڕانەوەی ئەو قسەیە بەناوی ئیمام احمدەوە هەڵەیە لە حەنبەل بن اسحاق ـەوە بێ هیچ گومانێک

أبو يعلى رحمە اللە تعالی: ئەفەرموێت
((وأراد أبو إسحاق بذلك أن مذهبه حمل الآية على ظاهرها في مجيء الذات))

واتا: مەبەستـی ابو اسحاق ئەوەیە مەزهەبی ئیمام احمد لەتەفسیرکردنی هاتنی اللە تعالی لەسەر مانای ڕووکەشـی ئایەتەکەیە .(بەڵام حەنبەل بەهەڵە لەئیمام احمدی گێڕاوەتەوە)
إبطال التأويلات (ص: 132).

ئیمـام ــی ابن تیمیة رحمه الله تعالى ئەفەرموویٚت
قيل: إن هذا غلط من حنبل، انفرد به دون الذين ذكروا عنه المناظرة مثل صالح وعبد الله والمرُّوذي وغيرهم؛ فإنهم لم يذكروا هذا، وحنبل ينفرد بروايات

واتا: وتراوە ئەمە هەڵەی حەنبەلی کوڕی ئیسحاقە چونکە بەتەنها ئەو ئەمەی گێڕاوەتەوە ئەوانەی تر کەئاگاداری گفتوگۆکانــی ئیمام احمد بون وەک صالح و عبدالله و المروذی و جگە لەوانیش شتی وایان نەگێڕاوەتەوە لەئیمام احمد ئەم حەنبەلە لەگێڕانەوەکان ـدا تەنها خۆی گێڕاویەتیەوە کەسی تر نەیگێڕاوەتەوە .
مجموع الفتاوى (16/ 405).

وەڵامی دووەم خودی حەنبەل گێڕاویەتیەوە لەئیمام احمد کەدژی تەئویلی ئەو ئایەتە و دەقەکانی تری سیفات بووە

حنبل بن إسحاق ئەفەرموویٚت(قلت لأبي عبد الله: ينزل الله تعالى إلى السماء الدنيا؟ قال: نعم. قلت: نزوله بعلمه أم بماذا؟)

واتا: وتم بەبـاوکی عبدالله ئایا الله تعالى دائەبەزێت بۆئاسـمانی دوونیا ؟
فەرمووی بەڵێ
وتم دابەزینی زانستی الله تعالى یان چـی ؟

فقال لي: اسكت عن هذا، وغضب غضباً شديداً، وقال: مالك ولهذا؟ أمض الحديث كما روي بلا كيف)

واتا: ئیمام احمد زۆر توڕەبوو کەوام وت، پێی وتم بێدەنگ بە چیت ـداوە لەوقسانە فەرموودەکە بگێڕەوە وەک چۆن هاتووە بەبێ دیاریکردنی چۆنیـەتی
(فتح الباري) ابن رجب (9/279)

وە بەڕیوایەتی سەحیح لەئیمام احمد رحمە الله تعالی هاتووە
عبد اللَّه ـی کوڕی ئیمام أحمد ئەفەرمووێت باوکم پێی وتم عبد الرزاق پێی وتووە لە معمر ئەویش لە قتادة دەربارەی ئایەتی{هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ فِي ظُلَلٍ مِنَ الْغَمَامِ وَالْمَلَائِكَةُ} [البقرة: ٢١٠]،فەرموویەتی
تەفسیرەکەی واتـــا
(يأتيهم اللَّه عَزَّ وَجَلَّ في ظلل من الغمام، وتأتيهم الملائكة عند الموت)

واتا: الله تعالی لەسەر پەڵە هەورێکی سپی دێ بۆ دادوەریکردن لەنێوان بەندەکان وە فریشتەکانیش کاتی ڕوح کێشان دێن .
"السنة" لعبد اللَّه ٢/ ٥٠٤ - ٥٠٥ (١١٧٠)

کەواتا بەسەندی سەحیح ئیمام احمد تەئویلـی هاتنی الله تعالی ناکات، بەڵکو اثبات ـی ئەکات و دژی تەئویلکردنی بووە و بەتەئویلکردنیشی توڕە بووە.

الحمــدلله ئەو سیحرە پڕ لە چەواشەکاریەی ئەشاعیرەکـانی اسافلة الوری پوچەڵ بوویەوە چونکـە ئیمام احمد زۆر لەوە گەورەترە تەئویلی ئایەتەکان ـی سیفەتی الله تعالی بکات.

وە گرنگی بەتەصحیح ـی بەیهەقی نادرێ چونکە خۆی کەسێکی ئەشعەری بووە .

بسم الله الرحمن الرحيم

بەتاڵ کردنەوەی شوبهەی جەهمییەکی
پیس، و بەرگرییەکی پاک لە قورئانی پیرۆز
کەلامەکەی الله تعالی

جەهمی پیس ئەڵێت قورئان مەخلوقە چونکە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە
(مَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّن رَّبِّهِم مُّحۡدَثٍ إِلَّا ٱسۡتَمَعُوهُ وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ)
جەهمیەکان ئەڵێن محدث لەو ئایەتەدا واتـا شتی نوێ و تازە کە پێشتر نەبووە دواتر هێنراوەتە بوون کەواتا قورئان هێنراوەتە بوون و مەخلوقە!!!!!

بە ئیزنی الله تعالی وەڵام ـی ئەو شوبهەیە دەدەینەوە
ئیمام ـی ابن أبي حاتم ئەیگێڕێتەوە لە هشام بن عبيد الله الرازي کەپیاوێک لەجەهمیەکان بەڵگەی بەو ئایەتە هێنایەوە وتی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئانی پیرۆز مخلوقە چونکە شتێکی تازەیە

①هشام لەوەڵامیدا فەرموو (محدث إلينا محدث إلى العباد)
واتا: تازەیە بەنسبەت ئێمەوە تازەیە بۆ بەندەکـان ـی الله تعالی.

②نعیم ـی کوڕی حماد فەرموویەتی (محدث عند الخلق لا عند الله)
واتا: قورئانی پیرۆز تازە و نوێیە بە نەسبەت مەخلوقاتی الله تعالی(واتا ئێمە) نەک بەنسبەت الله تعالی تازە بێت .

وەئەفەرمووێت(وإنما المراد أنه محدث عند النبي صلى الله عليه وسلم يعلمه بعد أن كان لا يعلمه)
واتا: قورئانی پیرۆز تازە و نوێیە بەنسبەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چونکە کەقورئانی بۆهات ئەو شتانەی فێری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ـی کرد کەپێش هاتنی قورئانی پیرۆز نەیئەزانی.

③تازەیە بۆ مرۆڤەکـان
واتـا الله تعالی فەرمانی تازە بەبەندەکانی ئەکات، نەک خەلقێکی تازە بکات چونکە لە پێشتر ڕوونمان کردەوە خەلق و فەرمان دووشتی جیاوازن، الله تعالی فەرموویەتی
(أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ)
واتا:چاکیش بزانن! کە درووستکردن و فەرمان دەرکردن هەر بۆ الله تعالی یە
کەواتا فەرمان ـی تازەی الله تعالی بۆ مخلوقات مانای خەلقکردنی تازە نیە، چونکە الله تعالی خەلق و فەرمانی بەجیا باسکرد.

ئیمامی سفیان ـی کوڕی عیینة ئەفەرمووێت قال تعالی: {الرحمن. علم القرءان. خلق الإنسان} [الرحمن: 1 - 3]،
الله تعالی فەرموویەتی
الله ـی بە بەزەیی قورئانی فێری موحەممەد -صلی الله علیه وسلم- کرد وە مرۆڤیشی دروستکرد.
ئیمام سوفیان ئەفەرمووێت
فلم يجمع القرآن مع الإنسان في الخلق، بل أوقع اسم الخلق على الإنسان، والتعليم على القرآن

واتا: الله تعالی قورئان و مرۆڤـی لەدروستکردن کۆنەکردەوە، بەڵکو دروستکردنی لەسەر مرۆڤ باسکرد وە فێرکردنیشی بۆ قورئانی پیرۆز بەکارهێنا .

کەواتا هاتنی فەرمانی نویٚ لە الله تعالی واتای خەلقی نویٚ نیە.

④ئیمام ـی بەغەوی لەشرح السنه لەناونیشان ـی(الرد على من قال بخلق القرآن) ئەفەرمووێت لەتەفسیری ئەو ئایەتە
{مَا يَأْتِيهِم مِن ذِكْرٍ مِن رَبِّهِم مُحْدَثٍ}
محدث مەبەست پێی دروستکردن نیە بەڵکو مەبەست پێی هاتنی فەرمانێکی تازەیە لەلایەن الله تعالی وەکچۆن الله تعالی ئەفەرمووێت {لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا} [الطلاق: 1]
واتا: لەوانەیە الله تعالی فەرمانێکی تازە پێش بێنێت...

ابن مسعود لەپێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم گێڕاویەتیەوە

{إن الله يحدث من أمره ما يشاء، وإن مما أحدث أن لا تكلموا في الصلاة. وقوله عز وجل: {ما يأتيهم من ذكر من ربهم محدث}

واتا: الله تعالی نوێکاری لەفەرمانەکانی خۆی ئەکات بەهەرشتیٚ خۆی ویستی لیٚ بێت وە لەوشتانەی الله تعالی تازە فەرمانی پێکردووە قسەنەکردنە لەنوێژدا وتەی الله تعالی (هەر بەش و پەندێکی تازەی قورئانیان لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆ بێت، گوێی بۆ ڕادەگرن، هەتا بزانن چیە)

واتا خوێندنەوەی قورئان بۆیان و فێرکردنیان بەقورئان هەمووئەمانە تازەن

ڕیوایەت کراوە لە ئیمامی ابن عباس لەڕاڤەی ئایەتی {قُرْآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ} [الزمر: 28] فەرموویەتی "غير مخلوق"

واتا: ئەو قورئانەش قورئانێکی ڕەوانبێژ و دوور لە هەر نارێکیی و چەوتییەکە، بەزمانی عەرەبیە بە هیچ شێوەیەکیش دژایەتیی و کەم و کورتی لە نێوان ئایەتەکانیدا نیە.
(ئیمامی ابن عباس فەرمووی واتا مەخلوق نیـە)

5 ئیمامی حرب الكرماني ئەفەرمووێت
سألت إسحاق بن إبراهيم الحنظلي يعني ابن راهويه عن قوله تعالى:{مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ} (4) قال: قديم من رب العزة محدث إلى الأرض)

واتا: پرسیارم لە اسحاق بن راهویە کرد لەبارەی ئەو ئایەتەوە لەوەڵامـدا پێی وتم کۆنە بەنسبەت الله تعالی ـوە بەڵام تازەیە دابەزینی بۆ سەر زەوی
موسوعة مواقف السلف في العقيدة والمنهج والتربية» (3/ 453)

(واتا سیفەت ـی کلام لەلای الله تعالی سیفەتێکی ئەزەلی الله تعالی یە
وتەی الله تعالی وەک خودی سیفەت ـی کە الله تعالی سیفەتی قسەکردن ـی هەیە ئەمە قدیم ـە چونکە الله تعالی بەردەوام سیفەتی قسەکردنی هەیە و هەرکات بیەوێ قسە ئەکات بەڵام ماناى ئەوەی کە فەرمان و قسەی تازەیە بۆسەر زەوی
واتا قسەی الله تعالی لەگەڵ پێغەمبەر محمد صلی الله علیه وسلم جیایە لەقسەکردنی لەگەڵ موسا وەقسەی لەگەڵ موسا جیایە لەقسەی لەگەڵ ابراهیم وە قسەی الله تعالی لەقیامەت کەقسە ئەکات بۆخەڵکی بەهەشت قسەی تازەن وقسەی کۆن نین بەهەمان شێوە هەموو سیفەتەکانـ الله قدیم ـن بەڵام تاک تاکی جۆرەکانی تازەن بۆ نموونە تورەبوونی الله تعالی لەگەڵی نوح وتورەبوونی لەگەڵی عاد و تورەبوونی لەگەڵی ثمود هەریەکێ لەمانە تورەبوونێ تازەن لەچاو تورەبوونی گەلانی پێش خۆیان)

6 السمعاني لەتەفسیری ئایەتەکە ئەفەرمووێت
استدل المعتزلة بهذا على أن القرآن مخلوق، وقالوا: كل محدث مخلوق، والجواب عنه: أن معنى قوله: {محدث} أي: محدث تنزيله، ذكره الأزهري وغيره

واتا: موعتەزیلەکان بەڵگە بەو ئایەتە ئەهێننەوە لەسەرئەوە ئەڵێن قورئان مەخلوقە وەئەڵێن هەموو تازەیەکـ مەخلوقە لەوەڵامدا پێیان ئەوترێ (ماناى وتەی الله تعالی کەفەرمووی(محدث) واتا دابەزاندنەکەی تازەیە وەک ئەزهەری و جگە لەوانیش باسیان کردووە)

بسم الله الرحمن الرحيم

بەتاڵ کردنەوەی شوبهەیەکی پیسی جەهمییە گومڕا و گەمڕاکارەکان

وەڵامــی شوبهەی جەهمیەکی پیس ـی تیکتۆک کەمانای ئایەت ـی الله تعالی ئەگۆڕێت وەک جەهم ـی باوکە گەورەی و بەڵگە ئەهێنێتەوە بەئایەتی الله تعالی
شوبهەی یەکەم ـی ئەڵێ لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ۖ)
واتا: الله تعالی دروستکاری هەمووشتێکە

ئەڵێین قورئان شتە کەواتا قورئان شتێکە لەشتە درووستکراوەکان

لەوەڵامــدا ئەڵێین ئایا الله تعالی ـش مەخلوقە کە فەرموویەتی

{قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ}
واتا: پێیان بڵێ چــی شتێــک شایەتی گەورەترە لەهەموو شایەتیەک ؟ پێیان بڵێ الله تعالی

کەواتــا الله تعالی ئەوەی جێگیرکردووە کەزاتی خۆی شتە ئایا ئەکرێ بڵێین الله تعالی خۆی مەخلوقە چونکە لەئایەتەکە فەرمووی الله تعالی دروستکاری هەمووشتێکە ؟؟

بێگومان ئەڵێین نەخێر چونکــە الله تعالی خۆی خالق ـە و داخل ـی شتە مەخلوقەکان نابێت کەواتا کە الله تعالی خالق ـە واتا زاتی الله تعالی کەخاوەن ـی سیفاتە ئەوا سیفاتەکان ـی داخل ـی شتە مەخلوقەکان نابن چونکە الله تعالی بەخۆی و سیفەتەکانیەوە جیایە لەمخلوق چونکە خۆشتان دانتان بەوەدا ناوە کە الله تعالی مخلوق نیە کەواتا الله تعالی ـی خاوەن سیفات مەخلوق نیــە یەکێ لەو سیفاتانەی الله تعالی قسەکــردنە

شیخ ـی ئیسلام ئیمامی ابن تیمیە رحمە الله تعالی ئەفەرمووێت «ثم إن الجهمي ادعى أمرا آخر، فقال: أخبرونا عن القرآن هو شيء؟ قلنا: نعم هو شيء، قال: إن الله خالق كل شيء، فلم لا يكون القرآن مع الأشياء المخلوقة وقد أقررتم أنه شيء؟».

واتا: پاشان جەهمــی بانگەشەی شتێکی ترەکات ئەڵێن بەئەهلی سونەت پێمان بڵێن ئایا قورئان شــتە ؟ ئێمەش ئەڵێین بەڵێ شتە ئەوانیش ئەڵێن الله خالق ـی هەموو شتێکە بۆچی ناڵێن قورئان یش وەک شتەکانی تر مەخلوقە کەخۆتان دانتان پێداناوە کەقورئــان شتە ؟

ئیمامی ابن تیمیە ئەفەرموویت: ئێمەش ئەڵێین الله تعالی ئەفەرموویت {إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ}
[النحل: 40]

واتا: ئێمە کاتێ بمانەوێ هەر شتێ بکەین، قسەمان هەر ئەمەیە کەپێی بڵێین: ببە، دەست بەجێ ئەویش دەبێ و دێتە دی،

الله تعالی لەئایەتەکە ڕوونی کردەوە ئەوشتەی کەمەخلوقە قسەی الله تعالی نیە، بەڵکو بەقسەی الله تعالی ئەو شتە دێتە بوون کە الله تعالی ئەیەوێ درووستی بکات.
وە شتە مەخلوقەکە بە قسەی الله تعالی هاتە بوون کەواتا قسەی الله تعالی شتی مەخلوق نیە
بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بدعهم الكلامية427

وە الله تعالی درووستکردن و فەرمانی خۆی بەجیا باسکردووە ئەفەرموویت
((أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ ۗ))
واتا: چاکیش بزانن! کە درووستکردن و فەرمان دەرکردن تەنها بۆ الله تعالی یە

کەواتا فەرمان ـی الله تعالی داخل ـی خەلق نیە ئەگەر داخل ـی خەلق بوایە ئەوا الله تعالی جیایی نەئەکردەوە

پاشان شێخ ـی ئیسلام ئیمامی ابن تیمیە ئەفەرمووێ ئایەتی (الله دروستکاری هەمووشتێکە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە الله تعالی نەفسی خۆی و سیفات و علمی بۆخۆی دروستکردووە
چونکە الله تعالی لەقورئان ـدا باسی ئەو بایە ئەکات کەناردی بۆ لەناو بردنی گەلی عاد
الله تعالی فەرمووی لەبارەی ئەوبایەی کەوەک سزا بۆی ناردن
{تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا} [الأحقاف: 25]
واتا: بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی هەموو شتێک لە ناو دەبا
ئەبینیت ئەفەرمووێ هەمووشتێک لەناو ئەبات وشەی هەمووی بۆبەکار هێنا بـەڵام هەر الله خۆی ئەفەرموویت
(فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ۚ)
واتا: جا ئیتر وایان بەسەرهات ئاساریان نەدەبینرا جگە لە خانووەکانیان، ئیتر خۆیان و مەڕ و ماڵاتیان و کشتوکاڵ و هتد... لەناو چوون

شێخ ـی ئیسلام ئەفەرمووێت
ئەو بایە هات بۆسـەریان بەڵام هەمووشتێکی لەناو نەبردن ماڵ و نیشتەجێ بوون و شاخەکانیان کەئەوبایە بەسەریدا هات لەناو نەچــوون لەکاتێکدا الله تعالی فەرمووی هەمووشتێک لەناو ئەبات
بەهەمان شێوە (إذا قال: الله خالق كل شيء فلا يعني نفسه ولا علمه ولا كلامه مع الأشياء المخلوقة، وقال تعالى لملكة سبأ: وأوتيت من كل شيء [النمل: 23] وقد ملك سليمان شيئا لم تؤته، فكذلك إذا قال: خالق كل شيء لا يعني به كلامه مع الأشياء المخلوقة.)

واتا: کاتـێ الله تعالى ئەفەرمووێ هەموو شتێکی خەلق کردووە واتای ئەوەنیـە نەفسی خۆی خەلق کردبێت یان زانست و قسەی خۆی لەگەڵ شتەکانـدا خەلق کردبێت، وەک چۆن الله تعالى لەبارەی پاشای سەبەء ئەفەرمووێت پاشـای سەبەء (لە هەموو شتێکی پێدراوە) بەڵام ئەوشتانەی پێنەدرابوو کەبەخشرابوو بە پێغەمبەر سولەیمان بەهەمان شێوە کە الله تعالى ئەفەرمووێت دروستکاری هەمووشتێکە واتای ئەوەنیـە قسەکەی خۆی لەگەڵ شتە مەخلوقەکان درووست کردبێت . (هەمان سەرچاوە)

پاشـان الله تعالى ئەفەرمووێت (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ۗ)
واتا: هەموو نەفسێک بێ جیاوازیی تامی مردن دەچێژێ

ئایـا ئەکرێ بڵێین ئەو ئایەتە الله ـش ئەگرێتەوە چونکە الله تعالى اثبات ـی نەفس ـی بۆ خۆی کردووە وەک ئەفەرمووێت (عیسا علیه السلام لەقیامەت بە الله تعالى ئەفەرمووێت

(تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي) واتا: هەرچی لەناخ ونەفس ـی مندایە تۆ ئەیزانیت
(وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ) واتا: بەڵام من نازانم چـی لەنەفس ـی تۆدایە .

ئایا ئەتوانن بڵێین الله ـش مادام نەفس ـی هەیە کەواتا هەموو نەفس ـێ ئەبێت مردن بچێژێت ؟؟ یان بێگومان ئەڵێین ئەو وشەی (هەمـــــوو نەفسێک ! ئەوا ئەو وشەیە الله تعالى ناگرێتەوە چونکە الله تعالى فەرموویەتی(وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ) بۆخۆی اثبات ـی نەمری کــردووە بۆیە ئەو مردنە الله تعالى ناگرێتەوە

ئیمەش ئەڵێین بەهەمان شێوە ئەو خالق ـی هەموو شتێکە سیفەتەکانـی الله تعالى ناگرێتەوە چونکە الله تعالى کەخۆی خالق ـە ئەوا هیچ شتێکی مەخلوق نیە نە زاتی پیرۆزی و نە سیفاتەکان ـی چونکە الله تعالى فەرمان ـی خۆی جیاکردۆتەوە لەخەلق وەک لەسەرەوە ئایەتەکەمان هێنا و ڕوونمان کردەوە بە ئیزنی الله تعالى

بسم الله الرحمن الرحيم

پوختەیـەک لەسەر عەقیدەی ئەهل ی سوننەت
و جەماعەت لەبارەی چۆنیەتی باوەڕهێنان
بەقـەدەر

پوختەیـەک لەسەر عەقیدەی ئەهل ـی سوننەت و جەماعەت لەبارەی چۆنیەتی باوەڕهێنان بەقــەدەر

بڕوا هێنان بەقەدەر یەکێکە لەپایەکان ـی ئیمان و خەڵکانێکی زۆر لەم بابەتەدا گومڕا وسەرلێشواوبوون و حەقیان نەپێکاوە

پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم ئەفەرمووێت(لا يؤمن عبد حتى يؤمن بأربع : يشهد أن لا إله إلا الله ، وأني محمد رسول الله بعثي بالحق ، ويؤمن بالموت ، ويؤمن بالبعث بعد الموت ، ويؤمن بالقدر)

واتا: بەندە ئیمان ناهێنێت تابڕوای بەچوار شت نەبێت شایەتی ـدان بە لااله الاالله و محمد رسول ـی الله یە و بەحەق ڕەوانەکراوە وە بڕوای بەمردن و زیندووبوونەوەی پاش مردن هەبێت و بڕوای بەقەدەر هەبێت
[رواه ابن حبان في صحيحه]

①قەدەر نووسراوە پێش دروستکردن ـی مخلوقات بە50هەزار ساڵ
عبد الله ـی کوڕی عمرو بن العاص رضي الله عنه دەفەرمووێت بیستم لە رسول الله صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو (كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السموات والأرض بخمسين ألف سنة وعرشه على الماء)

واتا: الله تعالی قەدەری هەموو دوروستکراوەکانـی نوسی پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی درووست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ وە عەرشەکەی لەسەر ئاوە.
رواه مسلم في الصحيح.

لەقەدەردا ئیمان و کوفر و خۆشی و ناخۆشی و ڕزق و ژیان و بەهەشتی بوون و دۆزەخ ـی بوونی هەموو بەندەکان نوسراوە لە صحيح ـی مسلم لە علي بن أبي طالب رضي الله عنه هاتووە فەرموویەتی
پێغەمبەر صــلـی الله علیه وسلم فەرموویەتی

(ما منكم من أحد ما من نفس منفوسة إلا وقد كتب الله مكانها من الجنة والنار وإلا قد كتبت شقية أو سعيدة)

واتا: هەریەکێ لەئێوە وەهەموو نەفسێک ئیلا الله تعالی جێگاکەی بۆی نوسیووە لەبەهەشت و لەدۆزەخ وە الله تعالی بۆی نوسیووە خۆش بەخت ئەبێت یان بەدبەخت

قال: فقال رجل: یا رسول الله أفلا نمکث علی کتابنا وندع العمل

واتا: پیاوێک وتی ئەی پێغەمبەری الله صلی الله علیه وسلم مادام هەموو شتێکمان نوسراوە و بڕاوەتەوە بۆچی واز لە کارکردن نەهێنین وەچاوەڕوانی ئەو قەدەرە بین کەبۆمان نوسراوە

فقال من کان من أهل السعادة فسیصیر إلی عمل أهل السعادة ومن کان من أهل الشقاوة فسیصیر إلی عمل أهل الشقاوة ثم قرأ: {{ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ } * { وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ } * {فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ } * { وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ } * { وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ } * {فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ
سورة اللیل ٥ - ١٠

واتا: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی هەرکەسێ لەئەهلی خۆشبەختی نوسرابێت لەقەدەردا ئەوا لەدوونیادا بەکرداری ئەهلی خۆشبەختەکان کردار ئەکات وەهەرکەسێکیش لەقەدەردا لەبەدبەختەکان تۆمارکرابێت ئەوا بەئاڕاستەی کرداری بەدبەختەکان لەدوونیا کردارئەکات پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە

(ئەوکەسەی ماڵ ئەبەخشێت و تەقوای الله تعالی ـی کرد و بڕوای بەپاداشتی الله تعالی هێنا ئەوا ڕێنمای و ئاڕاستەی ئەکەین بۆ ڕاستە ڕێگا وە ئەوەشی ڕەزیل ـی بکات لەبەخشین و بڕوای نەهێنا ئەوا ئاڕاستەی دەکەین بۆ دژوارترین ڕێگە)

تەنانەت هەرگوناهێک ئەنجام بدرێت ئەوا بەقەدەری الله تعالی نوسراوە جا لەحیکمەتی الله یان ئەوەیە ئەو گوناهەی نوسیووە تائەو بەندە لەغرور بوون بپارێزێ و تەوبەشی بەقسمەت ئەکات یان ئەیەوێ بەوگوناهە ئەو بەندەیەی سەرلێشواوبکات و بیخاتە دۆزەخەوە چونکە بەندەکان هەموویان موڵکی الله تعالی ـن ئەگەر الله تعالی لەخۆڕا هەمووشیان بخاتە دۆزەخەوە ستەم ـی لێ نەکردوون چونکە موڵکی الله تعالی ـن

رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فەرموویەتی

(إنَ اللهَ لو عذَّبَ أهلَ سماواته، وأهلَ أرضِه: لعذَّبَهم وهو غيرُ ظالمٍ لهم، ولو رحِمَهم كانتْ رحمتُهُ خيرًا لهم مِن أعمالِهم، ولو أنَ لك مِثْلَ أُحُدٍ ذهبًا، أنفقتَه في سبيلِ اللهِ: ما قَبِلَه اللهُ منكَ حتى تؤمِنَ بالقدَرِ
واتا: ئەگەر الله تعالى سزای هەموو خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی بـات ئەوا ستەمی لێ نەکردوون خۆ ئەگەر ڕەحمیشیان پێ بکات ئەوا ڕەحم ـی الله تعالى باشترە بۆیان لەکردارەکانیان ئەگەر بەئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتون ببەخشیت الله تعالى لێت وەرناگرێت تا بـڕوا بەقەدەر ئەهێنت) أخرجه أبو داود(4699)صحيح سنن أبي داود".

وە الله تعالى خۆی کاتێ مرۆڤەکان ـی درووست کرد بەشـێکی دروست کردووە بۆ بەهەشت و کرداری باشـی بۆ نوسیوون، وەبەشێکی تری بەدبەخت کردووە و بۆپڕکردنی دۆزەخ دروست ـی کردوون چونکە الله تعالى بەشایستەی بەهەشت وهیدایەت ـی نەزانیوون.

أبو داود لە سننەکەیدا بەسەنەدی صحيح لە مسلم بن يسار الجهني کەپرسیار کـرا لە عمر بن الخطاب لەبارەی ئەم ئایەتەوە (: وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم [الأعراف:172].)
ئیمام ـی عمر فەرمووی(سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم، سئل عنها)

بیستم ئەو پرسیارە لە رسول الله صلى الله عليه وسلم کـرا
فقال: رسول الله صلى الله عليه وسلم: إن الله عز وجل خلق آدم عليه السلام ثم مسح ظهره بيمينه فاستخرج منه ذرية، فقال: خلقت هؤلاء للجنة وبعمل أهل الجنة يعملون

واتا: رسول الله صلى الله عليه وسلم فەرمووی الله عزوجل کاتێ ئادەم ـی دروست کرد بەدەستی ڕاستی خۆی دەستی بە پشت ئادەم هێنا نەوەکانی ئادەم ـی لەپشت ئادەم دەرهێنا پاشان الله فەرمووی ئەمانەم بۆ بەهەشت درووست کردووە وە بەکرداری بەهەشتیەکان کردار ئەکەن

ثم مسح ظهره فاستخرج منه ذرية فقال: خلقت هؤلاء للنار، وبعمل أهل النار يعملون،

واتا: پاشان دەستێ تری بەپشـت ئادەم هێنا نەوەکانی لەپشت ئادەم دەرهێنا فەرمووی ئەمانەشم بۆ دۆزەخ دروست کردووە وە بەکرداری دۆزەخیەکان کارەکەن

فقال رجل: يا رسول الله، ففيم العمل؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: إن الله عز وجل إذا خلق العبد للجنة استعمله بعمل أهل الجنة حتى يموت على عمل من أعمال أهل الجنة فيدخله به الجنة،

واتا: پیاوێـک وتی ئەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیتر ئێمـە بۆکردار بکەین؟
پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی الله عزوجل هەر بەندەیەکی درووستکردبێت بۆ بەهەشت ئەوا بەکـــاری ئەهێنێت بەکردارکردن بەکرداری بەهەشتیەکان تا لەسەرکردارێکی بەهەشتیەکان ئەمرێت وئەچێتە بەهەشتەوە

وإذا خلق العبد للنار استعمله بعمل أهل النار حتى يموت على عمل من أعمال أهل النار فيدخله النار.

واتا: وەئەگەر بەندەیەکیشی بۆ دۆزەخ دروستکردبێت ئەوا بەکاری ئەهێنێت بۆ کردار کردن بەکرداری دۆزەخیەکان تا لەسەر کردارێکی دۆزەخیەکان ئەمرێت وئەچێتە دۆزەخەوە .

کەواتـا کاتێ کەسێ لەسەر کرداری ئیمان ئەمرێ وکرداری چاکـ ئەکات ئەوا الله تعالی وای بۆنوسیووە الله تعالی ویستی لەسەربووە ئەوکارە بکات تابیخاتە بەهەشتەوە،

وە کەسێکـیش لەسەر خراپە و کوفر بمرێت ئەوا الله تعالی وای بۆنوسیووە ویستویەتی بیخاتە دۆزەخەوە

ویستی الله تعالی لەبابەتی قەدەر جیاوازە لە ویستی شەرعـ ی
واتا لەقەدەردا مرۆڤ و مخلوقات هیچ شتێکیان پێ ناکرێ ئەبێت سەرەتا الله تعالی ویستی لەسەر کردنی ئەوشتە بێت پاشان الله تعالی ئەو ویستە ئەخاتە دڵی بەندەکانەوە تا ئەنجام ی بەن.

بەڵام لەشەرعدا الله تعالی ویستی ڕازی بوونی لەسەر ئەوەنیە بەندەکانی تاوان وسەرپێچی و کوفر ئەنجام بەن

بەڵام ویستی قەدەر جیاوازە الله تعالی خۆی بیەوێ هەرکەسێ بچێتە دۆزەخەوە چاوی کوێر ئەکات لەئاست حەق کوفر و ئیلحاد ئەخاتە دڵیەوە تابیخاتە دۆزەخەوە وە الله تعالی خۆی ڕقی لەکوفرە بۆیەش ئەیخاتە دۆزەخەوە .

عبد الله بن الحارث بن نوفل ئەفەرموویێت
خطبنا عمر بن الخطاب رضي الله عنه بالجابية -يعني: في الشام- فحمد الله وأثنى عليه، فلما أتى على قوله: من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له

واتا: ئیمام ـی عمر رضي الله تعالى عنه وارضاه لەشام وتاری بۆداین سوپاس و ستایشی الله ـی کرد و پاشان کەگەشتە خوێندنەوەی (هەرکەسێ الله تعالى هیدایەت ـی بات گومرا نابێت وهەرکەسێکیش الله تعالى گومڕای کات هیدایەت ـدراوی بۆنیە)

جاثلیق گەورەی گاورەکان وتی
برکست برکست.

ئیمام عمر فەرمووی
ما يقول عدو الله؟ قالوا: يا أمير المؤمنين يزعم أن الله عز وجل يهدي ولا يضل

واتا: وتی ئەو دوژمنەی الله ئەڵێت چی؟
وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەڵێت الله نەهیدایەت کەس ئەیات نەکەسیش گومڕا ئەکات

ئیمام عمر: فەرمووی كذبت يا عدو الله! بل الله عز وجل خلقك، وهو أضلك، وهو يدخلك النار إن شاء الله والله لولا لوث عهد لك -أي: لولا عهد بينا وبينك- لضربت عنقك

واتا: درۆت کرد ئەی دووژمن ـی الله بەڵکو الله تعالى درووستی کردووی وەگومڕات ئەکات وە ئەشتخاتە دۆزەخەوە ئەگەر ویستی لێ بێت وەئەگەر پەیمان لەنێوانمان نەبایە لەگەردنم ئەیایت .
الابانه من اصول الديانه

دروست نیە هەرکەسێ تاوان بکات بیشەرعێنێت بەوەی بیداتە پاڵ قەدەرەوە ئەگەرچی تاوانەکە بەقەدەر بۆت نوسراوە بەڵام لەشەرع ـدا تاوانباریت نابێت بێ تاوانی خۆت بەبیانووی قەدەر دەربڕی

بەڵام خودی تاوانەکە بەقەدەر لەسەرت نوسراوە

رسول الله صلى الله عليه وسلم: دەفەرمووێت
ئادەم و موسا قسەیان کرد موسا فەرمووی ئەی ئادەم تۆ باوکی ئێمەی بووی بەهۆکاری دەرکردنمان لەبەهەشت
ئادەم فەرمووی : أنت موسى اصطفاك الله بكلامه، وخط لك التوراة بيده، أتلومني على أمر قدره الله علي قبل أن يخلقني بأربعين سنة؟
واتا: تۆ موسای کە الله هەڵی بژاردووی بەکەلام ـی خۆی وە تەوراتی بەدەستی خۆی بۆت نوسیوە ئایا لۆمەم دەکەی لەسەر کارێ کە الله تعالى لەسەری نوسیووم پێش ئەوەی درووستم بکات بەچل ساڵ ؟

فقال النبي صلى الله عليه وسلم: فحج آدم موسى فحج آدم موسى فحج آدم موسى

واتا: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی بەڵگەی ئادەم بردیەوە لەموسا و بەڵگەکەی ئادەم بردیەوە لەموسا . ئەم فەرموودەش بەیەکدەنگی سەلەف قبوڵکراو و پشت بەستراو صەحیحە

کەواتا تاوانەکەی ئادەم بەقەدەر نوسراوە
بەڵام بەڵگە هێناوەکەی ئادەم یش بەقەدەر دوای ئەوە دێت کەتەوبەی لەتاوانەکەی کرد نەک بەڵگە هێنانەوە بەقەدەر بکاتە هۆی ڕێگەدان بەخۆی بەتاوان

چونکە قەدەر شتێکی شاراوەیە کەس نازانێت لەقەدەردا چی بۆنوسراوە بۆیە نابێت خۆی هەنگاو بنێت بۆکاری خراپە و ڕێگەبەخۆی بات بەخراپە کردن بەبیانوی قەدەر چونکە ئەوە کاری موشریکەکان بوو شیرکەکەی خۆیان ئەشەرعاند بەبیانوی ئەوەی لەقەدەردا بۆیان نوسراوە و الله تعالى ویستی لێیەتی شیرک بکەن

قال الله تعالى: {سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ} [الأنعام148]

واتا: ئەوکەسانەی هاوەڵیان بۆ الله تعالى دانا، بێگومان بۆخۆ ڕزگارکردنی خۆیان دەڵێن ئەگەر الله تعالى ویستبای کەخۆمان و، باوو باپیرانمان هاوبەشی بۆ دانەنێین، قەت هاوبەشمان بۆ دا نەدەنا و هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد ئەوانەیش لە پێشیانەوە بوون هەر ئاوا وەکو ئەمانە باوەڕیان بەپێغەمبەران نەهێناو، کەوتنە درۆ و دەلەسە هەڵبەستن و، بەدرۆیان خستنەوە هەتا سزا و تورەیی ئێمەیان بۆ هات و چەشتیان پێیان بڵێ: ئەگەر بەڵگەیەکی زانستیان لایە بۆ ڕاستیی بۆچوونەکانیان بۆمانی دەربخەن؟ دیارە ئێوە تەنها دوای گومان و سەر لێشێواوی دەکەون وە هەر لەخۆتانەوە قسەئەکەن و درۆ دەکەن، ئەگینا هیچ بەڵگەیەکتان لانیە .

کەواتا بەڵگەهێنانەوە بۆ ڕێگەدان بەنەفست بۆ کوفر و شیرک دینی موشریکانە.

بەپوختی قەدەر پێکـ دێت لەم چوار پلەیە
① الله تعالى زانستی بەهەموو شتێکـ هەیە ئەوەی ڕوویداوە وئەوەی ڕووی نەداوە ئەوەشی ڕوودات چۆن دەبێت و چی ئەبێت

قال الله تعالى (هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ ۖ)

واتا: الله تعالى ئەو زاتەیە هیچ پەرستراوێ نیە بەحەق جگە لەخۆی زانایە بەهەموو شتە پەنهانیەکان و دیارەکان .

②الله تعالى قەدەری هەموو شتێکی نوسیووە هەرشتێ ڕوودەدات تا قیامەت هەمووی نوسیووە
ئیمام ـی البخاري لەعمران بن حصين رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: فەرموویەتی
كان الله ولم يكن شيء غيره، وكان عرشه على الماء، وكتب في الذكر كل شيء، وخلق السماوات والأرض.

واتا: الله تعالى هەبوو هیچ شتێ لەغەیری خۆی نەبوو وە عەرشەکەی لەسەر ئاوە وە لە لوح المحفوظ هەموو شتێکی نوسیووە وەئاسمانەکان و زەوی درووست کرد.

لەسنن الترمذي لە عبادة بن الصامت رضي الله عنه لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەفەرموویەتی
إنَ أولَ ما خلق اللهُ القلمُ، فقال لهُ : اكتبْ، قال : ربِ وماذا أكتبُ ؟ قال : اكتُبْ مقاديرَ كلِّ شيءٍ حتى تقومَ الساعةُ

واتا: یەکەم شت کە الله تعالی ـدرووستی کرد پێنووس بوو
بەپێنووسی فەرموو بنووسە
وتی چی بنووسم پەروەردگارم
فەرمووی قەدەری هەمووشتێ بنووسە تا هاتنی قیامەت

هەمووشتێ نوسراوە وە تەنانەت دووعاکردن تۆ کاتێ دووعایەک ئەکەی پێش وەختە الله تعالی نوسیوویەتی کەفڵانە دووعا بکەی تا بەهۆی ئەو دووعایەوە لەنوسینی قەدەرێکی تر لات بـدات.

3 ویستی الله تعالی
واتا: هیچ شتێ لەئاسمانەکان و زەوی لەباشە و خراپە و مردن و ژیان و چوونە بەهەشت و دۆزەخ ڕوونادات ئیلا الله تعالی ویستی لەسەرە کەڕووبـدات

الله تعالی ـدەفەرمووێت ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾

واتا: وە هیچ شتێک لەم شتانە ئارەزوو ناکەن، مەگەر کاتێ ویستی الله تعالی ـی لەسەر بێت.
واتە: ئەگەر الله تعالی ویستی لێ نەبێت ئێوەش ناتوانن ویستان لەوشتە ببێت
بەڕاستی الله تعالی زۆر زانایە، ئەزانێ کێ چی هەڵدەگرێ و شایستەی چییە

لە صحيح ـی مسلم لە عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما بیستم لە رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەیفەرموو (إن قلوب بني آدم كلها بين إصبعين من أصابع الرحمن كقلب واحد يصرفه حيث يشاء.)

واتا: دڵی هەموو نەوەکـان ـی ئادەم لەنێوان دوو پەنجەیە لەپەنجەکان ـی الله تعالی چۆنی بووێت بەوشێوەیە هەڵی ئەسوڕێنێت

الله تعالى ئەفەرموویێت لەسەر زاری پێغەمبەر موسا کەموسـا فەرمووی {إِنْ هِيَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاءُ وَتَهْدِي مَن تَشَاءُ} [الأعراف: ١٥٥]
واتا: پەروەردگارم دیارە ئەو ڕووداوە هەر تاقیکردنەوەی خۆتە بۆ هەموومان هەرویسـتی خۆتە هەر کەسێکی پێگومڕا بکەیت و، هەر کەسێکیش شارەزا و ڕێنما بکەیت.
نُوحُ عَلَيْهِ السَّلَامُ فەرمووی: {وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ اللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} [هود: ٣٤] ,

واتا: خۆ ئەگەر الله تعالى بییەوێ گومراشتان بکا و ڕێتان لێتێک بدات، ئیتر من هەرچەند ئامۆژگارییتان بکەم بۆ سوود و کەڵکی ئێوە، سوود و کەڵکی نابێ بۆتان، چونکە الله تعالى خۆی دەیەوێ گومڕابن، دیارە کەئیتر هەرگیز ناتوانن لە ئیرادەی ئەو دەرچن هەر ئەویشە پەروەردگارتان و هەر بۆلای خۆیشی دەچنەوە و حیساب و لێکۆڵینەوەتان لەگەڵدەکات .

وقال تعالى (وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً) واتا: پەردەمان بەسەر دڵیاندا کێشاوە (أَن يَفْقَهُوهُ) واتا: بۆ ئەوە لێت تێنەگەن)

وقال تعالى (وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يُنصَرُونَ)القصص : ٤١

واتا: کـــــردمانن بەپێشەوایانێ خەڵکـی بۆ دۆزەخ بانگ بکەن وەلەقیامەتیش ڕزگار نابن .

کەواتـا هەمووشتێ بەویستی الله تعالى یە
لەوانەیە بپرسیت جیاوازی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەبریەکان چیە ؟

جەبریەکان ئەڵێن الله تعالى بەندەکان ناچاردەکات لەکردنی هەرکارێ باش بێت یان خراپ

بەڵام ئەهلی سونەت دەڵێن ئەو وشەی ناچارکردنە بیدعەیە
چونکـە وشەی ناچارکردن لەقورئانی پیرۆز و سوننەت نەهاتووە
وەناچارکردن بۆشتێ بەکاردێت بەزۆر کارێ بەکەسێ بکەیت بەبێ ئەوەی ئەوکەسە حەزی لەکردنی ئەوکارە ببێت

بەڵام ئەهلی سونەت ئەفەرموون الله تعالى بۆ هەرکارێ کەویستی لێ بێت بەندەکان ئەنجامی بدەن سەرەتا حەزێک لەدڵی بەندەکان درووست ئەکات بۆکردنی ئەوکارە جا الله تعالى ویستی کردنی کارەکە ئەخاتە دڵی بەندەکەیەوە بەندەکەش بەحەزی دڵی خۆی ئەنجامی دەدات واتـا بەحەزلێکردنەوە ئەنجامی دەدات چونکە الله تعالى ئەوحەزە ئەخاتە دڵیەوە کـەواتـا ناچاری نەکرد بەڵکو الله تعالى وایـلێکرد بەحەزەوە ئەوکارە ئەنجام بدات.

بۆیە ئەهلی سوننەت لەبڕی وشەی (جەبر) ناچارکردن وشەی (جبل) بەکار ئەهێنن

پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بە الاشج عبدالقیس ـی فەرموو «إنَّ فيكَ خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهُما اللهُ الحِلْمُ والأناةُ» .

واتا: دوو سیفەتی جوانت تێدایە الله تعالى خۆشی ئەوێت ژیری ئەقڵ و لەسەرخۆی
قال : «يا رسولَ اللهِ ! أنا أَتَخلَّقُ بهما أَمِ اللهُ جَبَلَنِي عليهما ؟ قال : بَلِ اللهُ جبلكَ عليهما . قال : الحمدُ للهِ الذي جَبَلَنِي على خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهما اللهُ ورسولُه»

واتا: وتی ئەی پێغەمبەری الله صلى الله علیه وسلم ئەم دووسیفەتە خۆڕسکیە خۆم لەخۆما دروستمکردووە یان الله تعالى وای ڕاهێناوم ؟
فەرمووی بەڵـکو الله تعالى وای ڕاهێناوی پێی بەخشیویت
فەرمووی سوپاس بۆ ئەو الله یەی لەسەر دووسیفەت منی ڕاهێناوە کەخۆی و ڕسولەکەی ئەو دووسیفەتەیان خۆشدەوێت .

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەهلی سوننەت ئەڵێن الله تعالى بەندەکان ڕائەهێنێ کەبەحەزی خۆیان کردارەکە ئەنجام بەن نەکـ بەناچاری (جەبر). صحيح أبي داود

وە الله تعالى ستەم ـی نەکردووە کاتێ هەرکەسێ گومڕا ئەکات و سەر لێشواوی ئەکات بەڵـکو حیکمەت ـی الله تعالى لەوەدایە

ئیمام ابن قیم ئەفەرمووێت

فالله تعالى -- لا يُعطي ولا يمنع إلا بحكمةٍ وعدلٍ،

واتا: الله تعالى کاتێ دەبەخشێ بەبەندەیەک و نابەخشێ بەبەندەیەک ئیلا بەحیکمەت و عەدلی خۆیەتی...

والشاكرون هم الذين يَعرفون قدرَ نعمة الهداية ويَشكرونها،

واتا: ئەوانەی کە سوپاسی الله تعالى ئەکەن ئەوانە ئەندازەی ئەو نیعمەتی هیدایەتە ئەزانن بۆیە سوپاسی الله تعالى ئەکەن

واللهُ سبحانه لم يعدلْ عن موجب العدل والإحسان في هداية مَن هدى، وإضلال مَن أَضَلَّ، وإعطاء مَن أعطى، ومَنْع مَن منَع،

واتا: الله تعالى لەعەدالەت و چاکەکاری خۆی لای نەداوە لەهیدایەتدانی کەسانی هیدایەت ـدراو و لەگومڕاکردنی کەسانی گومڕا و لەبەخشین بەوانەی الله تعالى پێی بەخشیون وە لە ڕێگریکردن لەوانەی پێیانی نەبەخشیووە

فهو لم يَطْرُدْ عن بابه ولم يُبعدْ عن جنابه مَن يليق به التقريبُ والهدى والإكرامُ،

واتا: چونکە الله تعالى کەسێ دوورناخاتەوە لەدەرگای خۆی و لەزاتی پیرۆزی خۆی دوریناخاتەوە کەشــایستەی هیدایەت و ڕێز لێنان بێت.

بل طرَد مَن لا يليق به إلا الطردُ والإبعاد،

واتا: بەڵکـو الله تعالى ئەوانە دوورئەخاتەوە لەخۆی کەشایستەی دەرکردن و دوورخستنەوەن.

وحكمتُه وحمدُه تأبَى تقريبَه وإكرامَه، وجعله مِن أهله وخاصته وأوليائه؛

واتا: بۆیە حیکمـەت ـی الله تعالى و سوپاسگوزاریەکی وائەخوازێ کەئەو کەسانە شایستەنین نزیک بن لە الله تعالى و دووریان بخاتەوە ونەیان کات بەدۆستی خۆی ["المدارج" (1/ 147)]

پلەی چوارەم لەقەدەر ئەوەیە کە الله تعالی هەمووشتێکی دروست کردووە و بەدی هێناوە وە الله تعالی خۆی دروستکاری چاکە و خراپەیە و خۆشی چاکە و خراپەی هێناوەتە بوون

الله تعالی دەفەرموویێت {إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ} {القمر: 49}.

واتا: ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازە دروست کردووە
وە دەفەرموویێت (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ) الزمر62
واتا: الله تعالی درووستکاری هەمووشتێکە .

لەبەرامبەر ئەهلی سوننەتدا کۆمەڵانێک هەن پێیان ئەوترێ قەدەریەکان.

کۆمەڵی یەکەم کەسانێک نکۆڵی لەقەدەر ئەکەن ئەڵێن الله تعالی نازانێت چی ڕوودەدات پێش وەختە تا ڕووداوەکە ڕوو دەدات

لە صحیح ـی مسلم هاتووە لە ابن عمر رضي الله عنهما کاتێ پێی ڕاگەیەنرا خەڵکانێ هەن نکۆڵی قـەدەر ئەکەن فەرمووی "إذا لقيت هؤلاء فأخبرهم أني براء منهم وأنهم برآء مني، والذي يحلف به عبد الله بن عمر (أي: يحلف بالله) لو كان لأحدهم مثل أحد ذهبا ثم أنفقه ما قبله الله منه حتى يؤمن بالقدر".

واتا: ئەگەر گەشـتی بەوکەسـانە پێیان بڵێ من لەئەوان بەریئم و ئەوانیش لەمن بەریئن وەپێیان بڵێ ابن عمر سوێند ئەخوات بە الله تعالی ئەگەر هەریەکێ لەئەوان بەئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت لێی وەرناگیرێت تا ئیمان بەقەدەر ئەهێنێت.

عبدالله بن أحمد بن حنبل دەفەرمووێ بیستم لەباوکم کەپرسیاری لێکرا لەبارەی قەدەرەیەکانەوە فەرمووی "إذا جحد العلم، إذا قال: إن الله عز وجل لم یکن عالمًا حتى خلق علمًا فعلِم، فجحد علم الله عز وجل، فهو کافر"؛

واتا: ئەگەر نکۆڵی زانستی الله تعالى بکات و بڵێت الله تعالى عالم نەبووە تا علمی دروستکردووە ئینجا زانستی بەشتەکان بردووە وە نکۆڵی لەعلم ـی الله تعالى بکات ئەوا کافرە (السنة لعبدالله بن أحمد، رقم: 835).

جۆری دووەم ـی قەدەریەکان کەبەمجوسیە ناوبراون ئەڵێن الله تعالى کرداری بەندەکان درووست ناکات بەندەکان خۆیان کردارەکانی خۆیان درووست ئەکەن.

جۆری سێهەم جەبریەکانن
ناونراون بەجەبریەکان چونکە پێیان وایە بەندە ناچارە لەسەر کارەکان وهیچ ویست و حەزێ بۆ بەندە نیە وە بکەری حەقیقەت ـی کارەکان الله تعالى یە وە الله تعالى بەندەکان ناچار ئەکات لەسەر کوفر یان ئیمان
(الملل والنحل للشهرستاني جـ1 صـ87).

وەڵام ـی ئەوەمان دایەوە لەپلەی سێهەم ـی قەدەر کەجیاوازی جەبریەکان لەگەڵ ئەهلی سوننەت چیە

والحمد لله رب العالمين

پێڕست

بابەت | لاپەڕە

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی نووسەر	5-3
پێشەکی ئامادەکاران	9-6
تەوبەی ئیمامی ئەبوو حەسەنی ئەشعەری	12-10
تەوبەی عەلامە فخرالدین الرازي	16-13
تەوبەی ئیمامی نەوەوی	22-17
تەوبەی ئیمامی ابن حجر العسقلاني	29-23
تەوبەی ئیمامی نعیمی کوڕی حماد	31-30
تەوبەی ئیمامی الحرمین الجویني	33-32
تەوبەی ئیمامی ابو احمد الغزالي	35-34
ڕەددانەوەی مەلایەکی جاهیل	39-36
ڕەددانەوەی بەچکە ئەشعەرییەک	48-40

دروستە سیفەتی فێڵ بدرێتە پاڵ الله تعالی	53-49
جێگیر کردنی دەنگی الله تعالی لە دەنگی ئاسن دەچێت	58-54
وەڵامی گومانێکی ئەشاعیرەی گومڕا دەربارەی تفویض	65-59
باوەڕبوون بە دانیشتنی الله تعالی لەسەر عەرش	71-66
الله تعالی لە ڕۆژی دواییدا رسول الله ﷺ عەرش دائەنیشێنێت	82-72
الله تعالی ئادەمی لەسەر وێنەی خۆی درووست کردووە (واتا لەسەر وێنەی الله تعالی)	85-83
ڕەددی گومانێکی جەهمییەکان کە دەڵێن قورئان مەخلوقە	88-86
سکوت و بێدەنگی سیفەتێکی جێگیر کراوە بۆ الله تعالی	91-89
وەڵام دانەوەی گومانێکی ئەشعەرییەکان	95-92
ڕەددێک بۆ جاسمە موشریک و بەرگریەک لە کتێبەکانی سەلەف	100-96
ڕەددێک بۆ جاسمە گومڕاکار لەسەر مانای وشەی (في)	104-101
دابەزینی الله تعالی لە سێیەکی شەودا	109-105

ڕەددێکی ڕووخێنەر بۆ جاسمە موشریکی چەواشەکار 113-110

ڕەددێک بۆ بەڵا سەرباز لەسەر بابەتی مەکان 122-114

ڕەددی شوبهەیەکی ئەشعەریە گومڕاکان لەسەر ئیمامی ئەحمەد

126-123

بەتاڵ کردنەوەی شوبهەی جەهمییەکی پیس دەربارەی قوڕئان

130-127

بەتاڵ کردنەوەی شوبهەی جەهمییەکی گومڕا لەسەر مانا گۆڕین

134-131

پوختەی عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعەت لەسەر بابەتی قەدەر

149-135

بسم الله الرحمن الرحيم

تەلەگرامەکانی مامۆستای بەڕێز ثبته الله تعالى وحفظه الله تعالى

https://t.me/mamosta_osama_sharazwree

https://t.me/mamosta_osama_tawhede2

پەڕەی فەرمی تیکتۆکی جەنابی مامۆستای ئازیز ثبته الله تعالى ورعاه

mamosta_osama_tawhede6

١٤٤٧ هـ

وەڵام و ڕەددەکان
بۆ ئەشاعیرە و جەهمییەکان

والحمد لله
رب العالمين

١٤٤٧ هـ

ئامادە کراوە لە لایەن :
عباد الرحمان | بەندەکانی الله تعالى

نووسراوە لە لایەن:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)